بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٤٨) سالی پێنجەم ٢٠٠٤/٧/٢٤ زاینی (٢)ی خەرمانان ٢٧٠٤ی کوردی (٧)ی جمادي الأخرة ١٤٢٥ی کۆچی

لەم ژمارەیەدا :

**پێرستی بابەتەکانی ئەم ژمارەیە**
**لە لاپەڕە (١) و (٢) دا بلاوکراوەتەوە**

**48**

www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر بالەخانەی وەزارەتی داد

بە ☎ ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٤٨)   السـنة الخامسة   ٢٤/٧/٢٠٠٤م   (٢) خەرمانان ٢٧٠٤ ك   (٧) جمادي الأخرة ١٤٢٥ هـ

في هذا العـدد

فهرست موضوعات هـذا العـدد
منـشـور في الصفحـة (٩٥) و (٩٦)

www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البـدالـة (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

□ یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ٣

یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن
لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا

□ یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ٨

یاسای پێنجەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٣)ی هەمواركراوی
ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق

□ یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ١٠

یاسای شەرتو شروتی وەرگرتنی ئیجازەی شوفێری.

□ یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ١١

یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ی
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان

□ یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ١٢

یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ ی
وەزارەتی ئەوقافو كاروباری ئیسلامی هەرێمی كوردستانی عێراق

□ یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ١٣

یاسای دووبارە بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی
بەرگی شارستانی بە وەزارەتی ناوخۆوە.

□ یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ١٤

یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٣ی
وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

□ یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ١٨

یاسای دووەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٣

□ یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ٢١

یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی
بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق.

□ یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٤ ل ٤٣

یاسای وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستانی ـ عێراق

□ بڕیاری ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمان ل ٤٩

چەند گۆڕانكارییەك لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن


ئـــرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بڕیاری ژماره (٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمان ل ٥٠

دانانی ڕۆژی ١٢/١٧ی هەموو ساڵێك كه ڕۆژی هەڵكردنی ئاڵای كوردستانه ، به ڕۆژی دایك له كوردستان

بڕیاری ژماره (٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمان ل ٥٠

متمانەدان به ڕێزدار (عمر فتاح حسين) بۆ بوونی به جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی.

بڕیاری ژماره (٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمان ل ٥١

سپاردنی ئەرك و فرمانی سكرتێری ئەنجومەن به ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (كاكه ڕەش محمد نەقشبەندی).

سیستمی ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ٩٤

یەكەم هەمواركردنی سیستمی ئەنجومەنی باڵای ئەوقافو كاروباری ئیسلامی ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠٠١

بەیاننامەی ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی دارایی و ئابوری ل ٥٢

كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئامار له دیوانی وەزارەتدا

بەیاننامەی ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی داراییو ئابوری ل ٥٢

كردنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (باجی دەرامەتی هەولێر ژماره/٢) و (باجی خانووبەری هەولێر / ٢)

بەیاننامەی ژماره (٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری ل ٥٣

كردنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (كۆگاكان و داوو دەرمان و كەرەستەكانی پزیشكی) و (چاككردنی دەستكردو چارەسەركردنی نەخۆشیەكانی زاوزێ)

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ٢٥**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوكمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسـای ژمـارە( ٢٥ )ی سـاڵی ٢٠٠٤**
**یاسـای وەزارەتی ئاوەدانكـردنـەوەو نیشـتەجێكـردن**
**لـە هـەرێمی كـوردسـتانی عێـراقـدا**

**ماددەی یەكـەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژانەی خوارەوە، ماناكانی بەرمبەریانە:

١) **هەرێم:** هەرێمی كوردستانی –عێراق.
٢) **ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عیراق.
٣) **وەزارەت:** وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن.
٤) **وەزیر:** وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردنی هەرێم.
٥) **بریكـار:** جێگری وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردنی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**
**ئـەرك وفـرمـانی وەزارەت:**

١) پێشنیازكردنی پلانگەلی گشتیی سیاسەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن لە بوارگەلی نیشتەجێ كردن و بینایەو ڕێگاوبـانی هەرێمـدا(ڕێگاوبـانی هاتوچـۆی خێـراو پـردو تۆنێلیـشی لەگەڵدا بێ).
٢) وەبەركارخـستنی سیاسـەتی بڕیـاردراوو، پێـشنیازكردنی پلانـی سـاڵانەو قۆناغـەپلان و قۆناغی دوورمەودا كە بۆ بەركارخستنیان پێویستن.

ئــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣) ئامادەکردنی لێکۆڵینـەوە تایبەتـەکان لـە چوارچـێوەی کـەرتی وەزارەتەکـەدا، هـەروەها لێکۆڵینەوەی سوودی ئابووری وهونەریی ئەو پرۆژانەی کە لە چوارچـێوەی پلانـی وەزارەتـدا پێشنیاز دەکرێن.
٤) دانـانی هێلکـارو بەرنامـەی کـاری پلانـە تەسـدیقکراوەکان وبەرکارخـستنی پرۆژەکانیـان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن پێکهاتەکانی وەزارەتەوە، یان سپاردنیان بە بەڵێندەران.
٥) دانانی هێلکاری ئـەو پرۆژانـەی کـە وەزارەت خـۆی دەیانخاتـە بـەرکار، هـەروەها دانـانی هێڵکاری ئەو پرۆژانەش کە سەربە وەزارەتەکانی دیکەن لەسەر داواکردنی ئەو وەزارەتانە یان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران.
٦) پاراستن و ئیدامەپێدانی رێگاوبانە گشتییەکان، بـە رێگاکـانی هاتوچـۆی خێراییـشەوە لـە دەرەوەی سـنووری شـارەوانیەکان، هــەروەها پاراســتن و وەگەڕخـستنی پێـل و وێـستگە میحوەرییەکانی کـێش(الاوزان)و پـردو تۆنێلـەکان و زامنکردنـی جیـازی(الاپـاپ) و پاسـەوانی کردنیان.
٧) ئەو پرۆژانەش کە پێی دەسـپێردرێن، لـە رێگـای دامودەزگـا هێلکـارو کارڕاپەڕاندنـەکانی خۆیەوە بە ئەنجامیان دەگەیەنێ، یان دەیانسپێرێ بە بەڵێندەران.
٨) لەگەڵ ئەزموونددارانی بیانی یان لەگەڵ کۆمپانیاکان یـان دەزگـا پـسپۆڕەکاندا گرێبەسـتی مۆر دەکات بۆ ئەوەی لە دایەرەکانی وەزارەتەکەدا ئیش بکەن، یان هەندێ کار تەواوبکەن کە پێی سپێردراوە، ئەویش بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.
٩) پێـشنیازکردنی پلانگـەل و پرۆژەگـەلی فراژووکـاری(التنمویـە)لـە چوارچـێوەی پلانـە گشتییەکانی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنـداو، جـێ بـەجێ کردنیـان بـە تەنـسیق لەگـەڵ لایەن و وەزارەتە پێوەندیدارەکاندا.
١٠) ئامادەکردنی بوجەی ئاسایی ساڵانەو بوجـەی پلانـەکان و حـساب و حـسابکاری کۆتـایی ساڵانەو، بەرزکردنەوەیان بـۆ لایـەنی پێوەندیـدار بـۆ تەسـدیقکردنی. هـەموو حساباتێکیـشی ملکەچی دیوانی ریقابەی دارایی یە.

**ماددەی سێیەم:**

١) وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەو، بەرپرسی یەکەمی بەرکارخستنی سیاسەتی وەزارەت و سەرپەرشـتی بـەجێ هێنـانی یاسـاو پێـڕۆو رێنماییـەکانێتی. هـەموو بڕیـارو فـەرمان و رێنماییەکیش لە چواچێوەی ئـەرکی وەزارەت و پێکهاتـەو سـەلاحییات و کاروبـاری دیکـەی ئیداری ودارایی و هونەرییدا، لە وەزیرەوە دەردەچێ و بۆیشی هەیە هەندێ لـە سـەلاحییاتی خۆیشی بەجێگری وەزارەت و بەڕێوەبـەرە گشتییەکان یـان هـەر کەسـێکی شـیاوی دیکـەی وەزارەتەکـە بـسپێرێ و، بەرامبـەر بـە ئەنجومـەنی وەزیـرانیش بەرپرسـە چـونکە خۆیـشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢) بریکار یاریدەی وەزیر دەدات لە سەرپەرشتیی ئیش وکاری وەزارەت و ئەو ئەرك و فرمانەش دەگرێتە دەست کە وەزیر پێی دەسپێرێ.

٣) **ناوەند( مرکز )ی وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

أ. **نووسینگەی وەزیر:** فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بەپلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن ئەزموون و لێهاتو بێت. ژمارەیێ فرمانبەر هاوکاریی دەکەن.

ب. **نووسینگەی بریکار:** فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکاو چەند فرمانبەرێکیش هاوکاریی دەکەن.

ج. **بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و پێوەندیکاری:** بە نووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

د. **بەڕێوەبەرایەتی ریقابەو تەدقیق:** بە وەزیرەوە پەیوەستە.

**ماددەی چوارەم:**

**بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت:**

١) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوەشی پەیوەست دەبن:

أ. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئیداری و ئەفراد.

ب. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

ج. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خزمەتگوزاری و تەجهیزات.

٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و لێکۆڵینەوە: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت. لە ئامادەکردن و پێشنیازکردنی پلانی سالبەسال و پلانی قۆناغ بە قۆناغ و پلانگەلی دوورمەودادا بەشداری دەکاو، لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە چالاکییەکانی وەزارەتیش رادەپەڕێنێ.

٣) بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون: بەڕێوەبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت. ژمارەیێ فرمانبەری خاوەن ئەزموون و لێهاتو لەبواری پسپۆڕیی خۆیاندا هاوکاریی دەکەن. بەدواداچوون و ریقابەکردنی رەوشی کار لە پێکهاتەکانی وەزارەتدا دەگرێتە دەست و راپۆرتگەلیش لەسەر چالاکی و سەویەی کارڕاپەڕاندن بۆ وەزیر ئامادە دەکات و راوێژی خۆی لە بارەیانەوە پێشکەش دەکا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٤) بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە یاسادا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت. لە بەردەمی دادگاکان و ئەنجومەنگەل و هەیئەکاندا نوێنەریی وەزارەت دەکاو، لە بابەتگەلی یاسایی گرێبەستیدا راوێژ پێشکەش دەکات.

٥) بەڕێوەبەرایەتی کارگەکان و ئالاتەکان: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی لە زانستەکانی ئەندازەی میکانیزم یان کارەباییدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و لێهاتووش بێت.

**ماددەی پێنجەم:**

**پێکهاتەکانی وەزارەت:**

١) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رێگاوبان و پردەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە زانستەکانی ئەندازەی مەدەنیدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، بەڕێوەبەرایەتیەکانی رێگاوبان و پردی پارێزگاکانیشی پەیوەست دەبن.

٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نیشتەجێ کردن و بینایەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە زانستەکانی ئەندازەی مەدەنی یان بیناسازیدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، بەڕێوەبەرایەتیەکانی نیشتەجێ کردن و بینایەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمدا پەیوەست دەبن.

٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای لە زانستەکانی ئەندازەی مەدەنی یان بیناسازیدا هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت و، بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمدا پەیوەست دەبن.

**ماددەی شەشەم:**

هەموو بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو فراژوکاری(التنمیە)و وەزارەتی کارو نیشتەجێ کردن ئیلغا دەکرێن و کارمەندەکانیان بەسەر بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتەکانی ئەم وەزارەتەدا دابەش دەکرێن و، گشت ئیلتیزام و ماف و موڵکێکیان دەبن بەهی ئەم وەزارەتە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

١) وەزیر بۆی هەیە كۆمپانیاگەلی تەنفیزی و تەصمیمیی پسپۆڕ لە چوارچێوەی ئەركەكانی وەزارەتەكەدا پێك بهێنێ، لە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران.

٢) وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەو یەكەگەلێ لە چوارچێوەی پێكهاتەكانی وەزارەتەكەدا، لەكاتی پێویستدا بكاتەوە یان تێكەڵیان بكات.

٣) وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست لیژنەو هەیئەی كاتی پێك بهێنێ.

٤) ئەرك وفرمان و ئیشە تایبەتەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەكرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنماییگەلی پێویست بۆ ساناكردنی بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخاتە بەركار.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا، دەخرێتە بەركار.

**د.ڕۆژ نـــوری شاوەیس**
**ســەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٢٦**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩) یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٢٦ )ی سالی/٢٠٠٤
## یاسای پێنجەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ٣ )ی هەموارکراوی سالی ( ١٩٩٢ )ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**
ماددەی دووەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی – عێراق هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١) ئەنجومەن بالاترین هەیئەی تەنفیزیی هەرێمەو، لە سەرۆك و جێگرەکانی و وەزیرەکان پێك دێت.
٢) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چەند جێگرێکی دەبن، بە مەرجێ لە سێ جێگر زیاتر نەبن.
٣) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە، لە کاتی دیارنەبوونی یان لە کاتی ئامادەبونیشیدا هەر کارویارێ خۆی پێی باش بێ بەپێی یاسا بە جێگرەکانی خۆی بسپێرێ.
٤) جێگری سەرەك وەزیران، دەشێ، سەرباری فرمانی پلەکەی خۆی، جانتایەکی وەزاری بە ئەسلێ یان بە وەکالەت پربکاتەوە.

**ماددەی دووەم:**
أ – وەزارەتی کارو نیشتەجێکردن و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو فراژوکاری(التنمیە) کە ناویان لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(٣)ی سالی(١٩٩٢)دا هاتووە هەردوکیان ئیلغا دەکرێن.
ب – وەزارەتێك لە نوێ دادەمەزرێ بەناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

أ – نـاوی( وەزارەتـی تەندروسـتی و كاروبـاری كۆمەڵایـەتی) كـە لـە مـاددەی نۆیـەمی یاسـای ژمـارە(٣)ی هـەموارکراوی سـاڵی(١٩٩٢)دا هـاتووە، هـەمواردەكرێ و دەبـێ بـە( وەزارەتـی تەندروستیی هەرێمی كوردستان).

ب– وەزارەتێك لە نوێ دادەمەزرێ بە ناوی(وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی).

**ماددەی چوارەم:**

ناوی( وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی) كە لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(٣)ی هەموار كـراوی سـاڵی(١٩٩٢)دا هـاتووە، هـەموار دەكـرێ و دەبـێ بـە(وەزارەتـی ئـەوقاف و كاروبـاری ئایینی).

**ماددەی پێنجەم:**

ناوی ( وەزارەتی پیشەسازی و وزە) كە لـە مـاددەی نۆیـەمی یاسـای ژمـارە(٣)ی هـەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)دا هاتووە، هەمواردەكرێ و دەبێ بە( وەزارەتی پیشەسازی و كارەبای هەرێم).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتێك لە نوێ دادەمـەزرێ بـە نـاوی( وەزارەتـی فێركردنـی بـاڵاو لێكۆڵینـەوەی زانستی لـە هەرێمی كوردستاندا) لە چوارچێوەی زنجیرەكانی ماددەی نۆ لە یاسای ژمارە(٣)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)دا.

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگەی(٢) لە مـاددەی حەڤـدەی یاسـای ژمـارە(٣)ی هـەموارکراوی سـاڵی(١٩٩٢)ی ئەنجومـەنی وەزیران، هەمواردەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٢ – لـە حاڵەتێكـدا جێگـای سـەرۆك چـۆڵ بێـت، ئەنجومـەنی وەزیـران، یـەكێ لـە جێگرەكـانی دەستنیشان دەكات كە ئیشەكانی بگرێتە دەست و كاروبار بەڕێ بخات، تا لە مـاوەی(١٥) ڕۆژدا سەرۆكێكی نوێ ناوزەددكرێ و پاشان وەزارەتی نوێ پێك دەهێنرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخاتە بەركار.

**ماددەی نۆیەم:**

ئــەم یاســایە لــە ڕۆژی دەرهێنانیــەوە دەخرێتــە بــەركار و لــە( وەقــایعی كوردســتان) دا بلاودەكرێتەوە.

**د.ڕۆژ نــوری شاوەیس**

**سـەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عێـراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٢٧**
**رۆژی دەرهێنـان: ٢٠/٦/٢٠٠٤**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیـران و، ئـەو یاسـاکارییەی کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (٤٣)ی رۆژی (١٩/٦/٢٠٠٤)یدا ئـەنجامی داوەو، بـەپێی ئـەو دەسەلاّتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی (١٩٩٧) پێمـانی داوە، بریـاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمــارە( ٢٧ )ی ســالّی/٢٠٠٤

**ماددەی یەکـەم:**

١) ماددە(٣)برگەی (و)لە یاسای هاتوچۆ ژمارە(٤٨)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٧١بۆ مـاوەی تـەنها شەش مانگ لەکاردەخرێ.

٢) ئەو کەسانەی داوای وەرگرتنی ئیجازەی شـوفێری دەکـەن، بـەپێی رێنماییگـەلی تایبـەت، بـە دوانـدن(شـفهیاً)تـاقی دەکرێنـەوە، دوای ئـەوەی خـولێکی فێربـوونی رێـسای رەوت ویاسـاگەلی هاتوچۆی بـەرکار لـە بەرێوەبەرایەتیـەکانی هاتوچـۆی هەرێمـدا بەسـەرکەوتوویی تەواودەکـەن کـە ماوەی ئەو خولە لە چوار حەفتە کەمتر نییە.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سـێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چـوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەر کار.

**د.رۆژ نــوری شاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

### هـۆکـارە زەرووەرەکـان

لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاّتیانی هەرێم، بەهۆی بـارودۆخی نائاسـایی دەیـەها سـالّی رابوردوو هاوبەشی کردنیـان لـە بزاڤـی رزگـاریخوازی کـورد و رەوکردنیـان بـۆ دەرەوەی نیـشتمان، لـە خوێندەواری (خوێندن ونووسـین) بێبـەش بـوون و، هـەتا ئـەمرۆش خـولی لـەناوبردنی نەخوێنـدەواری نەیگرتوونەتەوە، بەلاّم بە چاکی شوفێری دەزانن، جا، لەبەر ئەوەو، بـۆ ئـەوەش کـە بتـوانن ئیجـازەی شوفێری وەربگرن، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

www.mojkurdistan.com

**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٢٨**
**رۆژی دەرهێنـان : ٢٠/٦/٢٠٠٤**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری دارایی وئابووری ورەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (٤٣)ی رۆژی (١٩/٦/٢٠٠٤)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاســای ژمــارە( ٢٨ )ی ســاڵی/٢٠٠٤**
**یاسای هەمـوارکـردنی یاســای ژمــارە( ١٣ )ی ساڵی ١٩٩٢ی**
**وەزارەتــی دارایی وئابــووری هــەرێمی کــوردســتان**

**ماددەی یەکەم:**

برگەی چوارەمی ماددەی یەکەم، بەم شێوەیەی خوارەوە هەمواردەکرێ:

٤) وەزارەتەکە دوو بریکاری دەبێت:

أ. بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی.

ب. بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری دارایی.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەر کارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نــوری شاوەیس**
**ســەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٢٩**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوكمی برِگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برِگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، برِیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٢٩ )ی ساڵی/٢٠٠٤**
**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ٧ )ی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی**
**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**
برِگەی(٢)ی ماددەی یەکەمی یاساکە هەمواردەکرێ و، وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
وەزارەت: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**ماددەی دووەم:**
دەسەواژەی(وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) لە هەر جێگایەکی یاسای ژمارە(٧)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)داو لە هەر یاسایەکی دیکەشدا هاتبێ، دەسەواژەی(وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) جێگای دەگرێتەوە.
**ماددەی سێیەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.
**ماددەی چوارەم:**
پێویستە وەزارەتە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.
**ماددەی پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەر کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**
**هۆکارە زەرورەکان**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

شان بەشانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە ئایینی زۆرینەی زۆری ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانە ئایینگەلی دیکەش هەن، سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیش جەخت لەسەر گیانی هاوگوزەرانیی نێوان ئاین و تایەفەکانی هەرێم دەکاتەوەو بۆ بەهێزکردنی تێدەکۆشێ و بە ئامانجی دەگەیەیێنێ و، بۆ ئەوەش کە بوار بۆ وەزارەتی ئەوقاف و دەزگاکانی بڕەخسێنێ و بتوانێ خزمەتی هەموو ئاین و تایەفەکان بکات لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە یاساکاری کرا.

---

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێــراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٠**
**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٠ )ی ساڵی ٢٠٠٤

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٤کە تایبەتە بە دابڕینی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگریی شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆو لکاندنیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وکوزارەوە—ئیلغا دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگریی شارستانی دووبارە بە وەزارەتی ناوخۆوە دەبەسترێنەوەو دەکەونەوە ناو پێکهاتەکانی ئەو وەزارەتەوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی سێیەم:**

www.mojkurdistan.com

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نـــوری شاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێــراق**

---

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٣١**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری پیشەسازی و وزە و، رزامەندیی ئەنجومـەنی وەزیـران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاســای ژمــارە( ٣١ )ی ســاڵی/٢٠٠٤**
**یاســای یەکـەم هەمـوارکـردنی یاســای ژمتارە( ٤ )ی ساڵی( ١٩٩٣ )ی**
**وەزارەتی پیشـەســازی و وزە لـە هەرێمی کوردستانی عێـراقــدا**

**ماددەی یەکەم:**

هەر دوو برگەی (٢) و(٣)ی ماددەی یەکەمی یاسـاکە هـەموار دەکـرێ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢ — **وەزارەت:** وەزارەتی پیشەسازی وكارەبای هەرێم.

٣ — **وەزیر:** وەزیری پیشەسازی و كارەبای هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

لە هەر جێگایەكی یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی(١٩٩٣) و هەر یاسایەكی دیكەدا دەسەواژەی(وەزارەتی پیشەسازی و وزە) هاتبێ، دەسەواژەی(وەزارەتی پیشەسازی و كارەبا) جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی سێیەمی یاساكە هەموار دەكرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ — **وەزیر:** بەرپرسی باڵای وەزارەتەكەو بەرپرسی یەكەمی بەركارخستنی سیاسەتی وەزارەتەكەو سەرپەرشتی بەركارخستنی یاساو پێڕۆ و رێنماییەكانێتی. لە چوارچێوەی سنووری ئەم یاسایەو یاسا بەركارەكانی دیكەشدا هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەكیش كە ئەركی سەرشانی وەزارەتەكەو پێكهاتەو سەلاحییاتەكانی و كاروباری دیكەی ئیداری و هونەرییەتی، لەلایەن خۆیەوە دەردەچن و، بۆیشی هەیە، بەشێ لە سەلاحییاتی خۆی بدات بە جێگرەكانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەكان یان بە سەرۆكانی دایەرە سەرەكیەكانی وەزارەتەكە. وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارە، چونكە خۆیشی ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنەكەیە.

٢—بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری پیشەسازی ونەوت وكانزاكان: ئەو ئەرك و فرمانانە دەگرێتە دەست كە وەزیر لە بواری كەرتی پیشەسازی و نەوت و كانزاكاندا پێی دەسپێرێ.

٣—بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری كارەبا: ئەو ئەرك و فرمانانە دەگرێتە دەست كە وەزیر لەكەرتی كارەبادا پێی دەسپێرێ.

٤—مەكتەبی وەزیر: فرمانبەرێ، بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆیی سەرەتایی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەر یاریدەی دەدەن.

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم:** برگە(٢)ی ماددەی چوارەم لە یاساكە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٢—بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پیشەسازی: فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكا بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی، كە بڕوانامەی زانكۆیی سەرەتایی هەبێ و، بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوەشی پەیوەست دەبن:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

١-بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو پلاندانان.
٢- بەڕێوەبەرایەتی کارگە حکومیەکان.
٣- بەڕێوەبەرایەتی کارگە ئەهلیەکان.
٤- بەڕێوەبەرایەتی زەپتی چۆنایەتی(السیطرة النوعیة).

دووەم: بڕگەی(٣)لە ماددەی چوارەمی یاساکە هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٣- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆڕبێ.
ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پەیوەست دەبن:
١-بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان وبەدواداچوون.
٢- بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەو وەبەرهەمهێنانەکان.
٣- بەڕێوەبەرایەتی حسابات وپلان و ئەرك ومەسرەف (الکلفة).
٤- بەڕێوەبەرایەتی هێزی کارو ئامار.

سێیەم: بڕگەی(٥)ی ماددەی چوارەم لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رەنێوهانینی(انتاج)وزەی کارەبا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆڕبێ. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پەیوەست دەبێ:
أ-بەڕێوەبەرایەتی وێستگە گەرمییەکان(المحطات الحراریة).
ب-بەڕێوەبەرایەتی وێستگە کارۆئاوییەکان.

چوارەم: ئەم دوو بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی یاساکە زیاددەکرێ و زنجیرەیان دەبێتە(٦، ٧)بەم شێوەیەی خوارەوە:

٦-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گواستنەوەی وزەی کارەبا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆڕبێ.
بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی وزەی کارەبای پارێزگاکانی هەرێمیشی پێوەست دەبن.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دابەشکردنی وزەی کارەبا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆڕبێ.
بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردنی وزەی کارەبای وێستگەکانی هەرێمی پەیوەست دەبن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە وەزارەتە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

## هـۆکـــارە زەروورەکـــان

بۆ هەنگاونان لەگەڵ ئەم بەرەوچاکترچوونە گەورەیـەی کـە لـەم سـاڵانەی دواییـەدا، کـەرتی پیشەسازی و کارەبا بە خۆیەوەی دیوەو لەبەر گرنگیی کارەبا بۆ ژیانی هاووڵاتیان کە پێویـستە بـە شـێوازو کۆشـشی جۆربـەجۆر بۆیـان فەراهـەم بکـرێ، لەبـەر ئـەوە پێویـستی کـرد بـەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی تایبەت بەم بوارە پێك بهێنرێن و کاراترو چالاکتر بکرێن، جا لەبـەر ئەو هەموو هۆکارانە ئەم یاسایەی خوارەوە یاساکاری کرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٢**
**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری پیشەسازی و وزە و، ڕزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٣٢ )ی ساڵی/٢٠٠٤**
**یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١٢ )ی ساڵی( ١٩٩٣ )**

**ماددەی یەکەم:**

لەهەر جێگایەکی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی (١٩٩٣)دا دەسەواژەی (هەیئەی پەیمانگە هونەریەکان) هاتبێ، دەسەواژەی(هەیئەی فێرکردنی تەقەنی لە هەرێمدا)ی لە جێگە دادەنرێ.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی (٢٧)هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

(هەیئەکە لە کۆلێژە تەقەنیەکان و پەیمانگە پسپۆڕەکانی بواری فێرکردنی تەقەنی ی پاش خوێندنی ئامادەیی یان هاوتاکەی پێك دێت و، شەخسییەتی مەعنەویی خۆی هەیەو، بۆیشی هەیە ڕاسپێرێ کۆلێژگەل و پەیمانگەی تەقەنی بەپێی پێویست لە تازە بکرێنەوە یان ئیلغا بکرێن یان بکرێنەوە یان تێکەڵ بکرێن.

**ماددەی سێیەم:**

بڕگە(١)ی ماددەی(٢٨)هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

ئیدارەی هەیئەکە ئەنجومەنێ دەیگرێتە دەست کە دەسەڵاتی باڵای هەیئەکەیەو، لە سەرۆکی هەیئەکەو یاریدەدەرو عەمیدی کۆلێژەکان و نوێنەرانی وەزارەتە پێوەندیدارەکان، لەوانەیان کە لە کەمیی هاوشانی بەرپۆەبەری گشتی بن و نوێنەرێکی هەڵبژێردراویش لەلایەن ئەندامانی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

هەیئەی تەدریسیی كۆلێژو پەیمانگە تەقەنیەكانی هەیئەی فێركردنی تەقـەنیی هـەرێم پێك دێت (لە ناوزەدكردنیاندا، شـارەزایی و پـسپۆڕی ڕەچـاو دەكـرێو، ئیقـراری ئەندامێتیـشیان لەلایـەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەكرێ، بۆ دوو ساڵ كە یارای تازەكردنەوەیە).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی(٣٠)هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

هەر كۆلێژێكی تەقـەنی یـان پەیمانگەیـەكی تەقـەنی ئیدارەكـەی ئەنجومـەنێ دەیگرێتـە دەسـت بریتیە لە دەسەڵاتە باڵاكەی و، لە عەمیدی كۆلێژ، یان عەمیدی پەیمانگەو سەرۆكانی بەش یـان لق و یاریدەدەری عەمیدو نوێنـەرێكی هەڵبـژێردراو لەلایـەن ئەنـدامانی هەیئـەی تەدریـسیی هـەر كۆلێژێ یان هەر پەیمانگەیێ، پێك دێت و، هەر هەمان ئیشی تایبەت و سـەڵاحییاتی ئەنجومـەنی كۆلێژی زانكۆكانی هەیە بە جۆرێ كە لەگەڵ بارودۆخی كۆلێژ یان پەیمانگەكەدا بگونجێ، بۆیشی هەیە هەندێ لە سەڵاحییاتی خۆی بـە عەمیـد بـسپێرێ و، ئیـشی تایبـەت و بڕیارەكانیـشی هـەر وەكو ئەوەی دەقی ماددەی (١٦)ی ئەم یاسایە دەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

١- ئەم بڕگەیەی خوارەوە، بۆ ماددەی (٣١) زیاد دەكرێ و دەبێتە بڕگەی (یەكەم):

یەكەم: ئەوەی بە عەمیدی كۆلیژی تەقەنی دادەمەزرێ، مەرجە ئەو شەرتوشروتەی تێدا فەراهەم بێت كە لە ماددەی (١٧)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

١- بڕگە (١)ی ماددەی (٣١) هەموار دەكرێ و دەبێتە بڕگەی (دووەم)و بەم شێوەیەی لێ دێت:

ئەوەی بە عەمیدی پەیمانگە دابمەزرێ مەرجە مەرتەبەی مودەریس یـان سـەرووتری هـەبێ و لـە كـەمیی بڕوانامـەی ماجـستێری بـە دەسـتەوە بـێ و، بـە بڕیـاری ئەنجومـەنی وەزیـران و لەسـەر پێشنیازی ئەنجومەن بۆ ماوەی (٤) ساڵ دادەمەزرێ.

٢- بڕگـەی (٢)ی مـاددەی (٣١) هـەموار دەكـرێ و دەبـێ بـە بڕگـەی (سـێیەم) و وەك ئەمـەی خوارەوەی لێ دێت:

(عەمیـدی كۆلێـژ یـان عەمیـدی پەیمانگـە لـە هەیئەكـەدا، ئـەو سـەڵاحییات و ئیشە تایبەتانـەی عەمیدی كۆلێژ دەگرێتە دەست كە لە ماددەی (١٧)ی ئەم یاسایەدا هاتووە بە جۆرێ كە لەگـەڵ ئامانجەكانی كۆلێژەكە یان پەیمانگەكەدا بگونجێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی (٣٦) زیـاد دەكـرێ و، زنجیرەكـەی دەبێتـە (٢) وەك ئەمـەی خوارەوە:

(یاریدەدەری هەیئەی فێركردنی تەقەنی لە هەرێمدا بە بڕیـاری سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیـران و لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی هەیئە دادەمەزرێ و، ئیشوكارەكانیشی بە بڕیار دیار دەكرێن و، لە كەمییش مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەری دەبێ.

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگە (٢) لە ماددەی (٣٧) هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:
بۆ هەر کۆلێژێکی تەقەنی یان بۆ هەر پەیمانگەیەکی تەقەنی یاریدەدەرێکی عەمید دادەمەزرێ بە بڕیاری سەرۆکی هەیئەکەو لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی کۆلێژە تەقەنیەکە یان پەیمانگە تەقەنیەکە.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نــوری شاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

www.mojkurdistan.com

**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)ومماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٣ )ی ساڵی/٢٠٠٤
## یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق

### بەشی یەكەم
### پێناسەكان

**ماددەی یەكەم:**
مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناكانی بەرامبەریانە:

١) **هەرێم:** هەرێمی كوردستانی عێراق.
٢) **ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
٣) **وەزارەت:** وەزارەتی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.
٤) **وەزیر:** وەزیری فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.
٥) **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی.
٦) **فێركردنی باڵا:** هەموو قۆناغەكانی فێركردن كە دوابەدوای قۆناغی دواناوەندی دێن، لە زانكۆ فەرمی و ئەهلی و هەیئەتی پەیمانگا تەقەنییەكان و هەیئەتی باڵای پسپۆرییە پزیشكییەكان لە هەرێمدا.
٧) **زانكۆ فەرمییەكان:** زانكۆی صلاح الدین، زانكۆی سلێمانی، زانكۆی دهۆك و زانكۆی كەركووك و هەر زانكۆیەكی دیكە حكومەتی هەرێم دواتر بیكاتەوە.
٨) **زانكۆ ئەهلیەكان:** ئەو زانكۆ غەیرە فەرمییانەن كە بە رەزامەندیی وەزارەت و بەپێی ئەو شەرتوشروت و بەندو بەستانە دادەمەزرێن كە وەزارەت دیاریان دەكات.

### بەشی دووەم

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## دامەزراندن و ئامانجەکان و ئەرك و فرمانەکان

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتێ لە هەرێمدا دادەمەزرێ بەناوی وەزارەتی فێرکردنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی. وەزیرێ بەڕێوەی دەبا و سەرپەرشتیی دەکات بەناوی وەزیری فێرکردنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم وەزارەتە دەیەوێ ئەم ئامانجانەی خوارەوە بێنێتەدی:

١-رەنگڕشتن و بەرکارخستنی سیاسەتی هەرێم لە بواری فێرکردنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستیدا.

٢-وەدیهێنانی گۆڕانکاریەکی چۆنایەتی لە بزاڤی زانستی و خوێندنی بالاداو بەرزکردنەوەیان تا ئاقاری پێویست لە بواری زانستی و هونەری و تەکنۆلۆجیدا.

٣-وەدی هێنانی هاوگونجان و تەواوکاری لە نێوان بزاڤی زانستی و فێرکاریی بالاو نێوان پێداویستی هەرێم لە کادیری زانستی و هونەریدا.

٤-کۆشش بۆ وەدی هێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێشڤەچونی زانستی نەزەری و نێوان دەسەبەرکردنی پێداویستیەکانی وەك بەرفراوانبوون و بەرەو چاکتربردنی (تطوير)ی ئەزموون و مومارەسەی تەتبیقی و تاقیگەیی (المختبرية).

٥-زامنکردنی (حصانة)ی زانستی بۆ هزرمەند و زاناو لێکۆڵکاران و رێزنان لە کۆششی زانستییان و دنەدانی خۆتەرخان کردنی زانستی.

٦-دنەدان و پشتگیریکردنی دیراسەو لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرزڕاگرتنیان و بەرفراوان کردنی پسپۆڕیی هونەری و تەکنۆلۆجی بە جۆرێ کە لەگەڵ پێداویستی فراژوکردنی بەشەری و ماددیی هەرێمدا بگونجێن.

٧-ناردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانا و هزرمەندو ئوستادان لەگەڵ زانکۆ و دامودەزگا زانستیەکانی عێراق و بیانیدا.

٨-چابوککردنی وزەو بەهرەی زانستی و سوودوەرگرتن لە رێگا و شێواز و ئامرازگەلی هاوچەرخی زانستی تا پێ بەپێ لەگەڵ پێشڤەچونی زانستی و تەکنۆلۆجیی جیهاندا بڕوات.

٩-خزمەتکردنی کلتووری گەلی کوردستان و گرنگی دان بە مێژووی گەلی کوردستان و بەدیارخستنی ئاسەوارە شارستانیەکانی.

١٠-پشتگیری و دنەدانی زانکۆ ئەهلییەکان و کۆمەڵە زانستیەکان لە هەرێمدا.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت ئەم ئیش و کارانەی خوارەوە بەجێ دێنێ:

١-ئیقرارکردنی پلانگەلی پێویست بۆ بەرەو چاکتربردنی بەرنامە (المناهج) و دنەدانی بزاڤی کتێبدانان و لێکۆڵینەوەی زانستی و وەرگێڕان لە زانکۆگەل و پەیمانگە تەقەنیەکاندا.

٢-دانانی پلانگەلی پێویست بۆ چاودێری (رعاية)ی زانستی و ئەکادیمی لە هەرێمدا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٣-كۆشش بۆ بەرزكردنەوەی سـەويەی زانـستيى كـاديرى فێركـارى، لـەبوارى فێركردنـى بـالأدا، ئەويش لـە رێگـەی ئامـادەكردنى زانـا و هزرمەنـدو ئوسـتادى زانكـۆ و مـودەرِيس و شـارەزايانى پسپۆڕ لە رۆڵەكانى هەرێم، لەگەڵ خزمەتكردنى لێكۆڵينەوەی زانستى و چاودێرى كردن و دنەدان و پشتگيريكردنى خاوەن بەهرەی جوانكـارى و نوێكـارى، هـەروەها هەوڵـدان بـۆ فەراهـەمكردنى ئامرازو هۆكارى هونەرى و ئەدەبى و ماددى كە ببنە پاڵپشت بۆ لێكۆڵەر و داهێنـەر و جوانكـاران تا بتوانن بە دڵنيايى و پڕ باوەڕەوە ئەرك و فرمانى زانستيى خۆيان ببەنە سەر.

٤-داننان بە دامودەزگـا زانكـۆيى و زانـستييە عـەرەبى و بيانيەكانـداو، ئيقراركردنـى بنـەماكانى هاوسەنگ كردنى نمرەو بڕوانامە زانستييەكانيان.

٥-ديار كردنى بنەما گشتيەكانى وەرگرتنى قوتابيان لە زانكۆ و پەيمانگاكاندا.

٦-پێشنيازى دامەزراندنى زانكۆ لە هەرێمدا و، ئيلغاكردن يـان تێكـەڵ كـردن يـان گواسـتنەوەی هەندێ لە زانكۆكان.

٧-كردنەوەی كۆلێژ يان پەيمانگاى نوێ لە هەرێمدا.

٨-رێكخـستنى هاريكـاريى رۆشـنبيرى و زانـستى لەگـەڵ لايـەن و زانكـۆ و دامودەزگـاى ديكـەی دەرەوەی هەرێمدا.

٩-چاودێريكردنى (رعاية) ئەو قوتابى و ئوستادو لێكۆڵەرانەی دەنێردرێنـە هـەرێمى كوردسـتان يان لە هەرێمەوە دەنێردرێنە دەرەوە، هەروەها زامنكردنى پێداويستى زانستى و كۆمەڵايەتييان، بە هاوكۆمەكى لەگەڵ دايەرە پێوەنديدارەكانى عێراقيدا بۆ ياريدەی ئەوانەی كە لە دەرەوە دێـن و، بە هاوكۆمەكيش لەگەڵ وەزارەتى دەرەوەی عێـراق و كاربەدەسـتانى دەوڵەتـە خانـەخوێكان (الدول المضيفة) بۆ ياريدەی ئەوانەی دەنێردرێن بۆ دەرەوە.

## بەشـى سـێيـەم
## پێكهاتـە و سـەلأحييـاتـەكان

### بابەتى يەكەم
### ناوەندى وەزارەتەكە

**ماددەی پێنجەم:**

وەزيـر: سـەرۆكى بـالأى وەزارەتەكەيـەو، بەرپرسـە لـە ئاراسـتەكردنى ئـيش و كارەكـانى و سەرپەرشتى و ريقابـەكردنى چـالاكيەكانى. رێنمـايى و بڕيـار و فەرمانگـەليش دەربـارەی هـەموو شتێ پێوەنديى بە ئەرك و فرمانى وەزارەتەكەو پێكهاتە و كاروبـارى ديكـەی ئيـدارى و دارايـى و تەنزيمى و هونەرييەوە هەبێ لە چوارچێوەی حوكمەكانى ياسادا لە خـودى خۆيـەوە دەردەچـن. بەرامبەر بە ئەنجومەنى وەزيـرانيش بەرپرسـيارە چـونكە ئەنـدامێكى هاوكـارى ئەنجومەنەكەيـە، بەتايبەتيش ئەم سەلأحيياتانەی خوارەوە دەخاتە كار:

ئـــەرشيفى رۆژنامەی وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١) ئیقرارکردنی کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگا تەقەنیەکان و، راسپاردنی کردنـەوەی زانکۆکـان و، تەسدیقکردنی کردنەوەی بەشی تازە، یان گۆڕینی کەیانی بەشەکان لـە ڕێگـەی لێـك جیـا کردنەوەیان، یان تێکەڵکردنیان، یـان ئیلغاکردنیـان، یـان بـەرفراوانکردنیان، ئـەویش لەسـەر راسپاردەی ئەنجومەن.

٢) پێشنیازی دامەزراندنی سەرۆکانی زانکۆکان و سەرۆکی دەزگای پەیمانگا تەقەنیـەکان لـە هەرێمدا.

٣) رەزامەندیی لەسەر ئیجازەپێدانی دامەزراندنی زانکۆ و کۆلێـژ و پەیمانگـەی بـاڵای ئـەهلی بەپێی شەرتوشروتێ کە ئەنجومەن دیاریان دەکات.

٤) ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە دەربـارەی پێداویـستییەکانی فێرکـاریی بـاڵا لـە هەرێمـدا و بەرزکردنەوەی راپۆرتەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

٥) پێشکەشکردنی پرۆژەی بوجـەی گشتیی زانکۆکـان و هەیئـەتی پەیمانگـە تەقەنیـەکان و هەیئەتی باڵای پسپۆڕییە پزیشکییەکان.

٦) کرێ و دەرماڵە و قەرەبوو بەخشش دان بە کارمەندانی وەزارەتەکە.

٧) وەسـتاندنی خوێندن بە نیمچەیی یان بە تەواوی لە زانکۆ و کۆلێـژ و پەیمانگـەکـاندا بـۆ ماوەیەك لـە (١٠) دە رۆژ نەترازێ.

٨) دانانی رێنماییگەلی بەرکارەکی (التعلیمات التنفیذیة) کە بە زەرووری بزانێ بـۆ چارەسـەر کردنی ئەو حاڵەتانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا نەهاتووە.

٩) تەسدیقکردنی رەشنووسەکانی ئەنجومەنگەلی زانکۆکان و هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەتی باڵای پسپۆڕییە پزیشکییەکان.

١٠) بەرچاوخستنی هەر کاروبارو بابەتگەلێ خۆی پێـی بـاش بـێ لەبـەردەمی ئەنجومەنـدا تـا ئەنجومەن گفتوگۆی لەسەر بکا و رای خۆی لەسەر دەرببڕێت.

**١١)** هەر دەسەڵاتێکی خۆی کە خۆی پێی باش بێ ، دەتوانێ بیـدات بـە بریکـاری وەزارەت و سەرۆکانی زانکۆکان و سەرۆکی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیـەکان و سـەرۆکی هەیئـەتی بـاڵای پسپۆڕییە پزیشکییەکان و بەرپرسانی دایەرەگەلی مەرکەزی وەزارەتەکەی.

**ماددەی شەشەم:**

بریکاری وەزارەت: یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاڕاستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتیی کاروبـاری ئیداری و دارایی رێکخستندا لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا کە وەزیر پێی دەسپێرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزیـر دوو راوێـژكاری دەبـێ بـە مـەرجێ كـە پلـەی زانـستییان لـە ئوسـتاد یـان لـە ئوسـتادی یاریـدەدەر كـەمتر نـەبێ، یـەكێكیان كاروبـاری فێركردنـی بـاڵا دەگرێتـە دەسـت و، ئـەوی دی كاروباری لێكۆڵینەوەی زانستی.

**ماددەی هەشتەم:**

لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجومەنێكی راوێژكاری پێك دەهێنرێ بە سەرۆكایەتی وەزیر و ئەندامێتیی هەریەك لە:

| | |
|---|---|
| ١) بریكاری وەزارەت | جێگری سەرۆك |
| ٢) راوێژكاری فێركردنی باڵاو راوێژكاری لێكۆڵینەوەی زانستی | دوو ئەندام |
| ٣) سەرۆكی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەكان | ئەندام |
| ٤) سەرۆكانی زانكۆ فەرمیەكانی هەرێم | ئەندامن |
| ٥) سەرۆكی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەكان | ئەندام |
| ٦) سەرۆكی هەیئەتی باڵای پسپۆڕییە پزیشكییەكان | ئەندام |
| ٧) ئەندامێ لە ئەندامانی هەیئەتی تەدریسی لە هەر زانكۆییێ لە زانكـۆ فەرمیەكـانی هــەرێم بە مەرجێ پلەی ئوستادی یان پلەی ئوسـتـادی یاریـدەدەری هـەبێ، لـە لایەن ئەنجومەنی زانكۆكەوە ناوزەرد دەكــرێت. | ئەندامن |
| ٨) نەقیبی سەندیكای مامۆستایانی كوردستانی عێراق | ئەندام |
| ٩) نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و نوێنەری وەزارەتی تەنـدروسـتی و كـاروبـاری كۆمەڵایەتی بە مەرجێ پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ. | دوو ئەندام |

**ماددەی نۆیەم:**

ئەنجومەن كۆبوونەوەی خۆی بە ئامادە بوونی دو سێیەكی ئەندامەكانی ساز دەدا. بەشێوەیەكی ئاساییش مانگی یەك جار كۆ دەبێتەوە، لە كاتی پێویستیشدا، دەشێ لەسەر بانگهێشتی وەزیـر كۆبوونـەوەی نائاسـایی سـاز بـدات. بڕیارگـەلیش بـە زۆرینـەی دەنگـی ئەندامـە ئامادەبووەكـان دەدرێن. كاتێكیش دەنگەكان یەكسان بن، ئەوە لەو بارەدا تای تـەرازوو بـەلای دەنگـی وەزیـردا دەشكێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن ئەم سەلاحییاتانەی خوارەوە رایی دەكات:

١) دیاركردنی بنەما گشتیەكانی قبوڵكردن لە زانكۆو پەیمانگاكاندا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢) دیــارکردنی پلــە و لەقــەب و بڕوانامەگــەلی زانـستی لــە هەرێمـدا، هــەروەها دیــارکردنی شەرتوشروتی بەخشینیان.
٣) دیارکردنی شەرتوشروتی ئیجازەپیدان بۆ دامەزراندنی زانکۆی ئەهلی.
٤) ئیقرارکردنــی گرێــدانی کــۆنگرەی فێرکردنــی بــالا بــە شــێوەیەکی خولاوخــول بــۆ پێداچوونەوەی بەرنامەو پرۆژەگەلی پێوەندیدار بە فێرکردنی بالاو پێرۆگەلی خوێندنـەوە لـە کاتی پێویستدا.
٥) رادەربڕین لەسەر ئەو کاروبارو بابەتانەی کە وەزیر دەیخاتە بەردەمیان.

**ماددەی یازدە:**

**دیوانی وەزارەت لەم دایەرانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکـەم : دایەرەی ئیـداری:** هەموو ئەو کاروبارە ئیداری و دارایی و یاساییانە دەگرێتـە دەسـت کـە ناکەونە ژێر سەلاحییاتی زانکۆکان و هەیئـەی پەیمانگـە تەقەنیـەکان و هەیئـەی بـالای پـسپۆرە پزیـشکییەکانەوەو، فرمانبـەرێ سـەرۆکایەتی دەکـا بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشتی، لـە کـەمیی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هـەبێ، باشـتریش ئەوەیـە کـە خـاوەن بڕوانامەیـەکی بـالا یـان هاوتـای بڕوانامەیەکی بالا بێت لە زانستە ئینسانیەکاندا و خزمەتیشی لە دەساڵ کەمتر نەبێ.

**دووەم: دایەرەی خوێندن و پلاندانان و بـە دواداچـوون:** ئـەو پلانانـەی لەلایـەن زانکۆکـان و، هەیئـەی پەیمانگا تەقەنیەکان و، دایەرەکانی مەرکەزی وەزارەتەوە ئامادە دەکرێن هەموویان لە پلانێکـی یەکخراوی وەزارەتدا کۆدەکاتەوە و لێکیان دەگونجێنێ بە ئامـانجی ئـەوەی بـە جـۆرێکی ئـەوتۆ بەرەوەچاکتریان ببات کە لەگەڵ پلانـی گـشتیی بەرەوچـاکتربردن (تگوير)ی هەرێمـدا بگـونجێ، بەیاننامــەو زانیارییــە ئامارییــەکانیش کۆدەکاتــەوە و بــەپێی دەروازە دایانــدەنێ و شــیکاریان دەکات، هەروەها بە دواداچوونی بەرکارخستنی ئەو بڕیارو راسپاردانەی لەو لیژنانەوە دەردەچـن کە دانانی بەرنامەگەلی فێرکارییان پێ سپێردراوە، هەروەها گونجانـدن و رێکخـستنی وەرگـرتنی قوتابیــان و خۆگواســتنەوەیان لــە نێــوان زانکۆکــان و هەیئــەتی پەیمانگــە تەقەنیەکانــداو، دابەشکردنی ئەو قوتابیانەش کە لە دەرەوە دێن، هەروەها بـەڕێوەبردنی حاسـوبی ئـەلکترۆنی و پێشکەشکردنی ئەو دیراسەتانەش کە پێوەندییان بـە ئـیش و کـاری وەزارەتەکـەوە هەیـە. ئـەم دایەرەیە فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سـەرۆکایەتی دەکـات کـە بڕوانامـەی دکتـۆرای هەبێ و، خزمەتیشی لە دەساڵ کەمتر نەبێ.

**سێیەم: دایەرەی بیعسەو پێوەندییە رۆشنبیرییەکان:** سەرپـەرشتیی ئەو قوتابیانە دەگرێتە ئەسـتۆ کـە بــۆ خوێنــدن نێــردراون بــۆ دەرەوە، هــەروەها بەدواداچــوونی خوێنــدن و هەڵــسەنگاندنی

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بڕوانامەکانیـشیان دەگرێتـە ئەسـتۆ و، پێوەنـدیی ڕۆشـنبیری و زانـستییش لەگـەڵ دامودەزگـا زانــستی و ڕۆشــنبیرییەکانی دەرەوەشــدا رێــك دەخــات و بــەدووی بەرکارخــستنی ئــەو رێکەوتننامانەشدا دەچێ کە لەم بوارەدا لەگەڵیاندا مۆرکراوە، ئەم دایەرەیە فرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، کە بڕوانامەی دکتـۆرای هـەبێ و خزمەتیـشی لـە دەسـاڵ کەمتر نەبێ.

**چوارەم: جیهازی پشکنین:** فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکا بە پلەیەکی تایبەت کە بڕوانامەی دکتۆرای هــەبێ و، لــە کــەمی پلــەی ئوســتادی یاریــدەدەری هــەبێ و لــەکاروباری زانـستی و ئیداریـشدا شارەزایی ماوەی دەساڵ خزمەتی هەبێ، ژمارەیێ پشکنەری پسپۆڕ یاریی دەدەن. ئەم جیهازە مەشروعییەتی رەفتاری زانکۆو کۆلێژو پەیمانگـە و بـەش ولقـەکان یەکلادەکاتـەوە کـە بزانـێ تـا چەند لەگەڵ یاسا بەرکارەکاندا دەگونجێن. ئەرکەکانی ئەم جیهازە بەپێڕۆ دیاردەکرێن.

## بەشـی چـوارەم
## دەزگاکانی فێرکـــردنی بـالا

**ماددەی دوازدە:** ئەم تەشکیلاتانەی خوارەوە بە وەزارەتەکەوە دەبەسترێن:

**١) زانکۆی سەلاّحەددین**

**٢) زانکۆی سلێمانی**

**٣) زانکۆی دهۆك**

**٤) زانکۆی کەرکوك**

**٥) هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەکان**

**٦) هەیئەتی بالاّی پسپۆرە پزیشکییەکان**

**ماددەی سیازدە:**

زانکۆ جێگایەکی پیرۆزی بێوەیـەو ، ناوەنـدێکی شارسـتانی و هزریـو زانـستی و تەقەنییـە لـە کۆمەڵگەداو ، شەخسییەتی مەعنەویی خۆی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە .

**ماددەی چواردە:**

زانکۆ لـە کۆلێـژو ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەو هـەر تەشـکیلاتێکی دیکـە پێکـدێت بـەپێی پێداویـستی مەعریفەی تیۆری و تەتبیقی و، بە پێی پڕۆیەکی تایبەت.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پازدە :**

زانکۆ سەرۆکێکی دەبێ، بەپلەیەکی تایبەت و بە بڕیاری سەرەك وەزیران و لەسەر پێشنیازی وەزیر دادەمەزرێ ،بە مەرجێ بڕوانامەی دکتۆرای هەبێ و بۆ ماوەیەکیش خزمەتی زانکۆیی هەبێ لە دە سالّ کەمتر نەبێ .

**ماددەی شازدە :**

**سەرۆکی زانکۆ ئەم سەلاحییاتانەی خوارەوەی هەیە:**

١) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی زانکۆ دەکات و بانگهێشتی ئەنجومەن دەکات بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاساییش ، بڕیارەکانیشی دەخاتە بەرکارو لەبەرامبەر هەموو لایەنێکیشدا نوێنەرایەتی زانکۆ دەکات.

٢) بەپێی حوکمەکانی یاساو پێڕۆ پێوەندیدارەکان و ئەو فەرمان و ڕێنماییانەش کە لە وەزارەتەکەوە دەردەچن ئیدارەی کاروباری زانستی و ئیداری و دارایی زانکۆ بەڕێوە دەبات.

٣) بەپێی یاساگەل و پێڕۆ و ڕێنماییە بەرکارەکانیش ئیدارەی ئەموالی گواستەنی و نا گواستەنیش بەڕێوەدەبات.

٤) قازانجەکانی نووسینگە و عیادەی راوێژکارەکان دابەش دەکا، (٤٠٪) ی بۆ زانکۆ تەرخان دەکاو و دەخرێتە سندوقێکی تایبەتەوەو بۆ بەرەوباشتربردنی بزاڤی زانستی و خزمەتی زانکۆ خەرج دەکرێو ، (٦٠٪) یشی بەسەر کارمەندەکانیدا دابەش دەکرێ.

٥) دامەزراندنی سەرۆکانی بەش و لق و یاریدەدەرانی عەمیدەکان لە کۆلێژەکاندا .

٦) سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی بدات بە عەمیدەکان و یاریدەدەرەکان ، یان بە هەر کەسێ کە خۆی پێی باش بێت .

**ماددەی حەڤدە :**

سەرۆکی زانکۆ سێ یاریدەدەری دەبن ، یەکەمیان بۆ کاروباری ئیداری و دارایی ، دووەمیان بۆ کاروباری زانستی و ، سێیەمیان بۆ پەیوەندیگەلی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی . ئەمانە ، بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ، بە بڕیاری سەرەك وەزیران و لەسەر پێشنیازی وەزیر دادەمەزرێن دەبێ بڕوانامەی دکتۆرایان هەبێو هەر لە کەمیی بە مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەر، بە مەرجێکیش خزمەتی زانکۆییان هەبێ لە حەوت سالّ کەمتر نەبێ.

**ماددەی هەژدە:**

زانکۆ ئەنجومەنێکی دەبێت . ئەم ئەنجومەنە هەیئەتی بالاّی زانستی و ئیداریی زانکۆکەیەو ، پێك دێت لە:

| | |
|---|---|
| ١) سەرۆکی | سەرۆك |
| ٢) یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ | ئەندامن |
| ٣) عەمیدەکان | ئەندامن |

٤) دوو ئەندامیش لە هەیئەتی تەدریسی زانکۆ کە هەیئەکە خۆی هەڵیاندەبژێرێ بۆ ماوەی دوو سالّ و، یارای تازەکردنەوەشە بۆ تەنیا یەك جار.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی نۆزدە:**

ئەنجومونی زانكۆ ئەم ئیشە تايبەتانەی خوارەوە دەكات :

1) **ئیشەتايبەتە زانستيەكان:**

أ – تەسدیقكردنی پلانگەلی وەرگرتنی قوتابیان بۆ سەرەتاكانی خوێندن لە كۆلێژەكاندا و ، ئیقراركردنی پلانگەلی وەرگرتنیش بۆ خۆێندنەكانی بالاّ.

ب – ئیقراركردنی پلانگەلی لێكۆڵینەوەی زانستی لە كۆلێژەكان و ناوەندە زانستییەكانیدا .

ج– ئیقراركردنی پلان بۆ فەراهەمكردنی پێداویست و ئامرازەكانی فێركردن .

د– ئیقراركردنی پلانی كردنەوەی بەش و لق و ناوەندی زانستی .

هـ– ئیقراركردنی بابەتەكانی خۆێندن و دابەشكردنیان بە سەر ساڵەكانی خۆێندن لە كۆلێژەكاندا .

و– ئیقراركردنی پلانێك بۆ بیمەكردنی (تأمين ) ئەندامانی هەیئەی تەدریسی.

ز– بەخشینی مەرتەبە زانستیەكان بە ئەندامانی هەیئەی تەدریسی .

ح– ئیقراركردنی وە بەركارخستنی پلانی وەرگرتن لە خۆێندنە بالاّكاندا .

گ– بەدواداچوونی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی هەیئەی تەدریسی .

ی– ئیقراركردنی بەرنامەگەلی خۆێندن و بەرەو چاكترگۆڕینی بە بە هێزكردنی بارودۆخی زانستی.

ك– نیمچەوەستاندن یان بە تەواوی وەستاندنی خۆێندن لە زانكۆدا بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش رۆژ نەترازێ.

2) **ئیشە تايبەتە ئیداریەكان :**

أ – ئیقرار كردنی پلانگەلی پێوەندییە رۆشنبیرییە دووقۆڵییەكان لەگەڵ زانكۆ و دامو دەزگا زانستیەكانی دەرەوەی هەرێمدا و ، بەركارخستنیان .

ب–گرێبەستی لەگەڵ ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و هونەرمەندانی بیانیدا .

ج– دامەزراندنی تەدریسییە خاوەن بروانامەی دكتۆراو ماجستێر یان بڕوانامەی هاوتاكانیان.

د– رەزامەندیی لە سەر ناردن و ئیعارەو ئیجازەی دراسی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا .

هـ– ئیقرار كردن و وەبەركارخستنی پلانی تەئهیل و مەشق پێ كردنی كادیرە زانستی و ئیداریەكان .

و– ئیقراركردن و وەبەركارخستنی پلانی ئامادەكردنی میلاكی زانستی و ئیداری بۆ كۆلێژەكان و ناوەندە زانستیەكان .

3) **ئیشە تايبەتە داراییەكان :**

أ–ئیقراركردنی بەركارخستنی پلانی بوجەی ساڵانە و بەرنامەی هاوەردەنی(الاستيرادية)و پلانی وەبەرهێنانی (الاستثمار) راستەوخۆ بە تەنسیق لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان لە هەرێمدا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب– تەسدیقکردنی بڕیارەکانی لیژنەکان کە تایبەتن بە سپینەوەو هەڵسەنگاندن و بەکرێدان و فرۆشتنی ئەموالی گواستەنی و ناگواستەنیی زانکۆ.

ج– ئیقرارکردنی حساب و حسابکاریی کۆتایی.

٤) ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی بدات بە سەرۆکی زانکۆ.

**ماددەی بیست:**

کۆلێژ، راگرێ (عمید) ێکی دەبێت، بڕوانامەی دکتۆرای هەبێ و لەکەمیی مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەر بێت و خزمەتی زانکۆییشی لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ. بە بڕیاری سەرەك وەزیران و لەسەر پێشنیاری وەزیر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ.

عەمید دوو یاریدەدەری دەبێ، یەکیان بۆ کاروباری زانستی و، ئەوی دیکەیان بۆ کاروباری ئیداری و قوتابیان . لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێجەکە، بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێن.

**ماددەی بیست و یەك:**

راگر(عمید)ئەم ئیش و سەلاحییاتانەی خوارەوە رایی دەکا:

١) **ئیشە تایبەتە زانستیەکان:**

أ–بەدواداچوونی رەوش و رێکۆپێکیی خوێندنە سەرەتاییەکانی کۆلێژ و خوێندنە باڵاکانی و ، کۆشش بۆ پتەوکردنی بارودۆخی پەروەردەیی و زانستی.

ب–تەسدیقکردنی راسپاردەگەلی ئەنجومەنەکانی بەش و لقەکان.

ج– رەزامەندیی لەسەر دابەشکردنی ماددە دیراسییەکان و یەکە فەسڵییەکان بەسەر ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و موحازیرەکاندا، هەروەهاش، پێکهێنانی لیژنەگەلی گفتوگۆکردنی نامەکان(الرسائل) و دیارکردنی وادەکانیان.

د– وەبەرکارخستنی هەموو رێنمایی و پێرۆکان کە لەبارەی رێکخستنی کاروباری زانستی و پەروەردەییەوە دەردەچن، هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆلێژیش.

٢) **ئیشە تایبەتە ئیداری و داراییەکان:**

أ–وەبەرکارخستنی ئەو یاساو پێڕۆو رێنماییانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری ئیداری و داراییەوە هەیە.

ب–رەزامەندی لەسەر راسپاردەگەلی لیژنەکانی کۆلێژەکە.

ج– رەزامەندی لەسەر تۆمارکردنی قوتابیان بۆ دیراسەی سەرەتایی کۆلێژو دیراسەی باڵا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

د- ڕەزامەنـدی لەسـەر کـڕین و هـاوردنی ئـامرازی تاقیگـەیی (المختبریـة) و پێداویـستی دیکـەو گۆڤارو کتێب.

هـ- ڕەزامەندی لەسەر خەڵاتکردنی کەسانی دەرەوەی زانکۆ کە لە کۆلێژەکـەدا مەشـق دادەدەن و وانە دەڵێنەوەو سەرپەرشتی لەسەر نامەگەل (الرسائل) و دەکەن ولە لیژنەگەلی تاقیکردنەوەی گشتگیر(الشامل) و لیژنەکانی گفتوگۆ بەپێی یاسا بەرکارەکان، بەشداری کردن.

و- ڕەزامەنـدی لەسـەر گـۆڕینی عینـوانی هونەرمەنـد و ئیداریـەکان لەچوارچـێوەی میلاکـی تەسدیقکراوی کۆلێژەکەدا، بەپێی حوکمەکانی یاساو پێڕۆو ڕێنماییەکان.

ز- ڕەزامەنـدی لەسـەر گواسـتنەوەو تەنـسیبکردنی کەسـانی کارمەنـد لـە ئەنـدامانی هەیئـەی تەدریسی و هونەرمەندو ئیدارییەکان لەچوارچێوەی کۆلێـژو دایـەرەکانی زانکـۆدا، ئـەوەش دوای تەنسیقکردن لە نێوان جێ گۆڕکێکاندا، بەمەرجێ موافەقەتی سەرۆکایەتیی زانکۆی لەسەر بێ.

**ماددەی بیست و دوو:**

١) کۆلێژ ئەنجومەنێکی دەبێت کە بریتییە لە هەیئەی زانستی و ئیداری و دارایی و ،لەمانـەی خوارەوە پێك دێت:

| | |
|---|---|
| أ. عەمیدی کۆلێژ | سەرۆك |
| ب. سەرۆکانی بەش و لقە زانستیەکان لەو کۆلێژانەدا کە بەشی زانستییان تێدانییە | ئەندامن |
| ج. یاریدەدەرانی عەمید | ئەندامن |
| د. دوو تەدریسی لە کۆلێژەکە، هەیئەی تەدریسی هەڵیاندەبژێرن | ئەندامن |
| هـ. بەڕێوەبەرانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی سەر بەکۆلێژەکە | ئەندامن |

٢) ئەنجومەنی کۆلێژ بۆی هەیە ئەنـدامێ بـۆ خـۆی زیـاد بکـا لـە وەزارەتێکـەوە بیهـێنێ کـە پێوەندیدار بێت بە ئیشە تایبەتەکانی کۆلێژەکەوە.

**ماددەی بیست و سێ:**

ئەنجومەنی کۆلێژ ئەم ئیش وسەڵاحییاتانەی خوارەوە رایی دەکات :

١) **ئیشە تایبەتە زانستیەکان:**

أ- دانانی پلانی وەرگرتنی قوتابیان لە خوێندنی سـەرەتایی کۆلێـژداو پێـشنیازکردنی پلانگـەلی وەرگرتنیش بۆ خوێندنی باڵا بەپێی بـەش و لقـی زانـستی و شەرتوشـروتەکانی و بەدواداچـوونی وەبەرکارخستنیان.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب- دانانی پلانگەلی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانستی و دانانی کتێب و وەرگێڕان و پەخشکردن و، دابینکردنی پێداویستیەکانی فێرکاری و ئەندامانی هەیئەی تەدریسی.
ج- دانانی پلانگەلی کردنەوەی بەش و لقی زانستی و ناوەندەکان(المراكز) هەروەها پێشنیازکردن بۆ کردنەوە یاتێکەڵکردن یان ئیلغاکردنی بەش و لقی زانستی و، دابەشکردنی بەرنامەکانیش بەسەر ساڵەکانی خوێندندا.
د- ئیقرارکردنی پلانگەلی بەشە زانستییەکان لەبارەی بانگهێشتنی ئوستادە میوانەکان.
هـ- ئیقرارکردنی عینوانەکانی نامەزانکۆییەکان و ناوزەدکردنی لیژنەگەلی تاقیکردنەوەی گشتگیر و سەرپەرشت و هاوپشك (المشارك) و ئەنجامەکانی گفتوگۆو زیادکردن یان لابردنی بابەتگەلی دیراسی لە دیراساتی باڵادا و، ڕەزامەندی لەسەر ناوزەدکردنی ئیمتیحاندەرە خارجییەکان لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستی.
و- راسپاردن بۆ کردنەوەی دیراساتی باڵا و بەرنامە و پلانەکانی ساڵانەو پلانەکانی پێنج ساڵی و شتی تریش کە ناویان لە برگە (هـ) ی ئەم ماددەیە دا نەهاتووە.
ز- ئیقرارکردنی وەبەرکارخستنی مەشقی هاوینەی تەتبیقی زانستی بۆ کۆلێژەکە.

**٢) ئیشە تایبەتە ئیدارییەکان:**

أ- سەرپەرشتیی کاروباری کۆلێژو گرنگیدان بە بزاڤە جۆراوجۆرەکانی زانستی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و وەرزشی.
ب- ئامادەکردنی میلاکی کۆلێژ لە ئەندامانی هەیئەی تەدریسیی کۆلێژەکە بەر لە کۆتایی ساڵی خوێندن، ئەوەش لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیازانەی کە عەمید و ئەنجومەنی بەشەکان یان ئەنجومەنی لقەکان پێشکەشی دەکەن.
ج- پێشنیازی ئیجازەپێدانی دیراسی لەناو هەرێم بۆ کارمەندانی کۆلێژەکە، ئەوەش لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستیی پێوەندیدار.
د- پێشنیازی ئیعارەکردنی خزمەتی ئەندامانی هەیئەی تەدریسی یان ئیجازە و زەماڵەو بیعسەیان بدرێتێ بۆ دەرەوەی هەرێم ئەوەش لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستیی پێوەندیدار.
هـ- رەزامەندی لەسەر خۆتەرخانکردنی ئەندامی هەیئەی تەدریسی لەناوەوە یان لەدەرەوەی هەرێمدا بەپێی بەندو بەستی (الضوابط) بەرکارخراو.
و- سەپاندنی سزای زەپتی(الانضباطية) بەسەر قوتابیاندا بەپێی پێڕۆو ڕێنماییگەلی بەردەست.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

ز– سەیرکردنی هەموو کاروبارێکی دیکە لە کۆلێژدا کە عەمید بۆی هەواڵەدەکات.

ح– سەرپەرشتیی بەرکارخستنی پڕۆو ڕێنماییگەلێ کە پێوەندییان بە کاروباری زانستیی کۆلێژەکەوە هەیە.

گ – ڕاسپاردن کە ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و موحازیرەکان بنێردرێن بۆ خوێندنی باڵا، ئەوەش بەپێی ئەو ژمارەو پێداویستەی کە بەش و لقەکان دیاریان دەکەن.

ی – پێشنیازی پلانی تەئهیلی کادیرە زانستی و ئیداریەکان.

ك– پێشنیازی پلان بۆ پێوەندیگەلی ڕۆشنبیریی دووقۆڵی.

ل – ئەنجومەن بۆی هەیە لیژنەگەلێ پێك بهێنێ تا لە پیادەکردنی ئیش وکارە زانستی و ئیداری و دارایی پەروەردەییەکانیدا یاریدەی بدەن

**٣) ئیشە تایبەتە داراییەکان:**

أ– پێشنیازی پلانگەلی بوجەی ساڵانەو بەرنامەی هاوەردەی ساڵانەو پلانی وەبەرهێنانی(الاستثمارية)ساڵانە.

ب– ڕاسپاردن بۆ ئیقرارکردنی حساب و حسابکاریی کۆتایی کۆلێژ.

ج– ڕەزامەندی لەسەر (تەصمیم) و نەخشەو لیستی پارەی ئەرك و مەسرەفی ئیش و پرۆژەکانی کە لە بوجەی ئاسایی یان لەبوجەی وەبەرهێناندا هاتووە، ئینجا ئیحالەیان دەکاو بەپێی حوکمەکانی یاساو پیڕۆو شەرتو شروتی تایبەت گرێبەستی جێ بەجێ کردنیان مۆردەکا.

د– ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێ لەسەلاحییاتی خۆی بە عەمیدی کۆلێژ بسپێرێ.

**<u>مادده بیست و چوار:</u>**

**بەشی زانستی:** بریتییە لە یەکەی زانستی و بە بناغەی فێرکردنی باڵا دادەنرێ و ئەنجومەنێکی هەیە پێك دێت لە:

١–سەرۆکی بەش: لەسەر پێشنیازی عەمیدی کۆلێژ، بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ بەمەرجێ مەرتەبەی زانستیی لە ئوستادی یاریدەدەر کەمتر نەبێ. سەرۆکی بەش کاروباری ئیداریی بەشەکە دەگێڕێ.

٢–ژمارەیێ لە ئەندامانی هەیئەی تەدریسی لە (١٤) چواردە ئەندام زیاتر نەبن و لە(٨) هەشت ئەندامیش کەمتر نەبن، بەمەرجێ مەرتەبەی مودەڕیس یان بەرزتریان هەبێ، جا ئەگەر هات و ژمارەی پێویست فەراهەم نەبوو، ئەوە، لەوبارەدا دەشێ هەندێکیان مەرتەبەی مودەڕیسی یاریدەدەریان هەبێ بەپێی ئەقدەمییەت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٣–ئەنجومەن ئەم ئیشە تايبەتانە هەڵدەسووڕێنێ:

أ–گفتوگۆ لەسـەر بەرنامەگـەلی خوێنـدن و تاكەتاكـەی بەرنامەكـەو كتێبـەكانی خوێنـدن دەكـاو پێشنیازی هەمواركردنیان یان گۆڕینیان دەكا، ئەوەش لەبەر ڕۆشنايی راسـپاردەكانی ئەنـدامانی هەیئەی تەدریسی.

ب–پێـشنیازكردنی پێداویـستەكانی بـەش لـە ئەنـدامانی هەیئـەی تەدریـسی و هونەرییـەكان، هەروەها بانگهێشتی ئوستادە میوانەكان.

ج– ئیقراركردنی بەرنامەگەلی لێكۆڵینەوە زانستییەكان كە لەلايەن ئەندامانی بەشەوە پێـشكەش كـراون، هـەروەها پێـشنیازكردنی رێگـای شـیاو بـۆ تـەواوكردنیان و، راسـپاردن بـۆ پـشتگیریی لێكۆڵینەوەی زانستی و كتێبگەلی دانـراوو وەرگێـڕدراوو، گرنگیـدان بـە بەحـسەكانی قوتابیـان و فەراهەمكردنی پێداویستیگەلی جێ بەجێ كردنیان.

د– بەركارخستنی بڕیارەكانی ئەنجومەنی كۆلێژ.

هـ– پێكهێنانی لیژنەگەلی پەروەردەیی و زانستی بەپێی پێداویستی بەش.

و– سەرپەرشتیی رەوشی تەدریس و شـێوازەكانی تـەدریس و بەرەوچـاكتربردنیان، هـەروەهاش سەرپەرشتیی ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و كارمەندەكانی دیكەی بـەش كـە ئـەركی سەرشـانی خۆیـان بـەجێ بگـەیێنن. هـەروەها سەرپەرشـتیی كاروبـاری زانـستیی قوتابیـان لـە قۆناغـە جۆربەجۆرەكانی خوێندندا لە رێگەی سەرپەرشتیی سەرومڕ(الدائم) ی زانستییەوە.

ز– بەدواداچـوونی پەرەسـەندنی زانـستی مەعریفـەو زانـستەكان و، رێنمـايی كردنـی ئەنـدامانی هەیئەی تەدریسی بەرەو نوێكردنەوەی بەرنامەگەل و ماددەگەلی وانـەكان بـەجۆرێ لەگـەڵ ئـەم پەرەسەندنە زانستی و تەكنۆلۆجییە دا بگونجێ.

ح – هەندێ لە سەلأحیياتی خۆی دەدات بە سەرۆكی بەش.

**ماددەی بیست و پێنج:**

هەیئـەی تەدریـسیی زانكۆكـان و هەیئـەی پەیمانگـە تەقەنییـەكان و هەیئـەی بـالأی پـسپۆڕە پزیشكییەكان، لەمانە پێك دێن:

١ – ئوستادەكان.

٢– ئوستادە یاریدەدەرەكان.

٣ – مودەڕیسەكان.

٤ – مودەڕیسە یاریدەدەرەكان.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی بیست و شەش:**

١ - ئەو کەسەی دادەمەزرێ بە مودەڕیسی یاریدەدەر یان ئـەو نازنـاوەی پـێ دەدرێ، مەرجـە بڕوانامەی ماجستێری هەبی یانٚ هاوتای ئەو بڕوانامەیەی هەبێ.

٢ - ئەگەر مودەڕیسی یاریدەدەر لەماوەی چوار ساڵدا، لە رۆژی دامەزراندنییەوە، تەرقیـە نـەکرا بۆ مەرتەبەیەکی باڵاتر، ئەوە، لەوبارەدا دەگوازرێتـەوە بـۆ دەرەوەی خوێنـدنی بـاڵا، بەمـەرجێ گواستنەوەکەی راسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆیشی لەگەڵدا بێت.

**ماددەی بیست و حەوت:**

کەسێ بە مەرتەبەی مودەڕس دابمەزرێ یان ئـەو نازنـاوەی پـێ بـدرێ، مەرجـە یـەکێك لـەم دوو شەرتەی هەبێ:

١ — دەبێ بڕوانامەی باوەڕپێکراوی دکتۆرای وەرگـرتبێ یـان هاوتـای زانسـتیی ئـەو بڕوانامەیـە، یانیش دەبێ بڕوانامەیەکی زانستی یان هونـەری یـان تەقـەنی یـان پیـشەیی لـە پـسپۆریگەلێکدا هەبێ کە نە بڕوانامەیەکی دکتۆرا دەبەخشن و نە بڕوانامە هاوتا زانستیەکەی، ئەویش بە مەرجێ ئەو خوێندنەی ئەو بڕوانامەیەی پێ وەردەگیرێ لـە(٣) سـێ سـاڵ کـەمتر نـەبێ دوای بڕوانامـەی کۆلێژ.

٢ — پێویستە مودەڕیسی یاریدەدەر بووبێ لـە یـەکێ لـە زانکۆکانـدا یـان لـە دەزگـای پەیمانگـە هونەریەکانـدا بـۆ ماوەیـەك لـە(٣) سـێ سـاڵ کـەمتر نـەبێ و لـەو ماوەیەشـدا لـە کـەمیی دوو لێکۆڵینەوەی بە نرخی بڵاوکردبێتەوەو کۆششێکی تەدرییسیی باشیشی بە خەرج دابێ.

**ماددەی بیست و هەشت:**

کەسێ بە مەرتەبەی ئوسـتادی یاریـدەدەر دابمـەزرێ یـان ئـەو مەرتەبەیـەی پـێ بـدرێ، مەرجـە مەرتەبەی مودەڕیسی لە زانکۆیەکدا یان لە هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکاندا یان لە هەیئەی بـاڵای پسپۆرە پزیشکییەکاندا بووبێ لەوانەگوتنەوەدا بۆ ماوەیەك لە چوار ساڵ کـەمتر نـەبێ و، چـەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بە نرخیشی بڵاو کردبێتەوە، لە سێ لێکۆڵینەوە کەمتر نەبێ.

**ماددەی بیست و نۆ:**

کەسێ بە مەرتەبەی ئوستاد دابمەزرێ یان ئەو مەرتەبەیەی پـێ بـدرێ، مەرجـە شـەرتو شـروتی ماددەی (٢٨)ی تێدا فەراهەم بێت و لە کەمیش شەش ساڵی لە مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەردا بەسـەر بردبـێ و، لـەو ماوەیـەدا کۆشـشی دەگمەنیـشی لـە تەدریـسدا بەخـەرج دابـێ و، لـە کەمییش(٣) سێ لێکۆڵینەوەی ئەسڵی و(موبتەکەر) یشی بڵاو کردبێتەوە.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سی:**

بەدەر لـە حوکمگـەلی ماددەکـانی پێـشتر، دەشـێ خـاوەن دکتـۆرای بـاوەڕپێکراو، یـان خـاوەن هاوتـای زانـستیی دکتـۆرا، بـە مەرتەبـەی ئوسـتادی یاریـدەدەر لـە زانکـۆدا دابمـەزرێ لەسـەر راسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ، بەمەرجێ لە زانکۆکـانی دەرەوەی هەرێمـدا بەقـەدەر ئـەو ماوانـە تەدریـسی کردبـێ و ناوبـانگی سـەرکەوتنی لـەو تەدریـسەدا دەرکردبـێ و، لێکۆڵینەوەگـەلێکی زانستیی بەنرخ و موبتەکەریشی بڵاوکردبێتەوە.

## بەشـی پێنجـەم
## هەیئـەتی پەیمانگـە تەقەنییـەکـان

**ماددەی سی و یەك:**

ئـەم هەیئەتـە شەخـسییەتی مەعنـەوی و سـەربەخۆیی دارایـی و ئیـداریی خـۆی هەیـە و بـە وەزارەتەوە بەستراوەو، ئیشەکانیشی بوارگەلی فێرکردنـی تەقـەنیی پـاش خوێنـدنی ئامـادەیی، یان هاوتاکەی، دەگرێتەوە. بۆیشی هەیە راسپێرێ بەپێی پێویست پەیمانگە بکرێتـەوە یـا ئیلغـا بکرێ یان تێکەڵ بکرێن.

**ماددەی سی و دوو:**

١ - هەیئەکـە سـەرۆکێکی دەبێـت خـاوەن بڕوانامـەی دکتـۆراو، مەرتەبـە زانـستییەکەشی لـە ئوستادی یاریدەدەر کـەمتر نییـە و خزمـەتی زانکۆییـشی لـە(١٠) دە سـاڵ کـەمتر نییـە. لەسـەر پێشنیازی وەزیر و بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی تایبەت دادەمەزرێ.

٢ - سەرۆکی هەیئە باربۆی بۆ دەکرێ لە لایەن هەڵگرانی بڕوانامە باڵاکانەوە.

٣- سەرۆکی هەیئە بۆ کاروباری هەیئەکەی سەلاحییاتی سەرۆکی زانکۆی هەیـە کـە دەقـەکانیان لە ماددەی (١٦)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، بۆیشی هەیە هەنـدێ لـە سـەلاحییاتی خـۆی بـدات بـە عەمیدی پەیمانگەکان یان بە هەرکەسێ کە خۆی بە لەباری بزانێ.

**ماددەی سی وسێ:**

هەیئە ئەنجومەنێکی هەیە بەڕێوەی دەبا و، پێك دێت لە :

١– سەرۆکی هەیئە		سەرۆك

٢– عەمیدەکانی پەیمانگەکان		ئەندامن

٣– نوێنەرێك لە هەر وەزارەتێکی پەیوەندیدارەوە کە پلەی بەڕێوەبەری گشتییان هەیـە یـان بـاڵاتر، لەوانـەی کـە خـاوەن ئـەزموون وپـسپۆڕن و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ کـە یـەك جـار یـارای نوێکردنەوەیە ناوزەد دەکرێن		ئەندامن

٤–ئەندامێ لە هەیئەی تەدریسی هەر پەیمانگایێ، لە لایـەن ئەنجومـەنی پەیمانگـەوە نـاوزەد دەکرێ بۆ ماوەی دوو ساڵ و، بۆ یەك جاریش یارای نوێکردنەوەیە.

**ماددەی سی وچوار:**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ئەنجومەنی هەیئە ئەو ئیشە تایبەت و سەلاحییاتە رایی دەکا کە دراون بـە ئەنجومـەنی زانکـۆ و دەقەکانیان لە مادده(١٩)ی ئەم یاسـایەدا هـاتووە، بـەجۆرێ کـە لەگـەڵ بـارودۆخی هەیئەکـەدا بگونجێ و، یۆیشی هەیە هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی بدات بە سەرۆکی هەیئەکە.

**ماددەی سی و پێنج:**

١) پەیمانگـە عەمیـدێکی دەبـێ، لـە کـەمی بروانامـەی ماجـستێری هـەبێ، بـە مەرتەبـەی مـودەڕیس و ژوورتـر. لـە سـەر پێـشتیازی وەزیـرو بـە بڕیـاری سـەرەك وەزیـران بـە پلـەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ.

٢) عەمید سەلاحییاتی ئیشە تایبەتیـەکانی خـۆی بـە پێـی ئـەوەی لـە مـاددەی (٢١)ی ئـەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام دەدات بە جۆرێ لە گەڵ ئامانجەکانی پەیمانگەدا، بگونجێ .

٣) عەمیـد یاریـدەدەرێکی دەبـێ، لەسـەر راسـپاردەی ئەنجومـەنی پەیمانگـە، بـە بڕیـاری سەرۆکی هەیئەکە دادەمەزرێ.

**ماددەی سی وشەش:**

١) پەیمانگە ئەنجومنێکی دەبێ، بەڕێوەی دەبات ، لە عەمیدو سەرۆکانی بەش ولقەکان پێك دێت.

٢) ئەنجومەن ئیشی تایبەت و سەلاحییاتی وەك ئەوەی ئەنجومەنی کۆلێـژ رایـی دەکـا، وەك لە ماددەی (٢٣)ی ئەم یاسایەدا دەقەکانیان هاتووە، بەجۆرێکیش کە لە گـەڵ ئامانجـەکانی پەیمانگەدا بگونجێ.

## بەشـی شەشـەم
## هەیئـەی باڵای پسـپـۆرە پـزیشـکییـەکان

**ماددەی سی وحەوت:**

هەیئەتێك بە ناوی (هەیئەی باڵای پسپۆرە پزیشکیەکان لە هەرێمی کوردستاندا) دێتە دانان. ئەم هەیئەیە دەزگایەکی فێرکارییە بە پلەی زانکۆ و، بە وەزارەتەوە دەبەسترێ.

**ماددەی سی وهەشت:**

ئەم هەیئەیە بۆ ئامادەکردنی پزیشکی پسپۆر لە هەموو لقە جۆربەجۆرەکاندا تێدەکۆشێ وهـەوڵ دەدات پێداویستی زەروور بۆ ئەو کـارەی فەراهـەم بکـات بـەپێی تـازەترین شـێوازو موبتەکـەری زانستی.

**ماددەی سی ونۆ:**

أ. ئەم هەیئەتە سەرۆکێکی دەبێ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوتای دکتۆرا لە پزیشکیدا، لە کەمیی بە مەرتەبـەی ئوسـتادی یاریـدەدەر. لـە سـەر پێـشنیازی وەزیـر و بـە بڕیـاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب. سەرۆکی هەیئە جێگرێکی دەبیّ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوتاکەی لە پزیشکیدا، لە کەمیی بە مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەر. لەسەر پێشنیازی وەزیر، بە بڕیاری سەرەك وەزیران دادەمەزریّ ولە کاتی دیارنەبوونی سەرۆکدا جێگرێتی.

**ماددەی چل:**

**أ. ئەنجومەنیّ ، وەك هاوشانی ئەنجومەنی زانکۆ، هەیئەکە بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتیی دەکات. پێك هاتووە لە:**

١- سەرۆکی هەیئەکە سەرۆك.

٢- جێگری سەرۆکی هەیئەکە جێگری سەرۆك.

عەمیدەکانی کۆلیژە پزیشکیەکان وکۆلێژی پزیشکیی ددان وکۆلێژی دەرمانسازی وپەرستیارانی زانکۆکانی هەرێم ئەندامن.

٤- نوێنەرێکی وەزارتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتی بە مەرجیّ پسپۆریی پزیشکیی هەبیّ ولە کەمیش پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەبیّ ئەندام

٥- دوان لە تەدریسییەکانی هەیئەکە لە کەمیی بە پلەی مودەڕیس، لەلایەن ئەندامانی هەیئەی تەدریسەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ماوەی دووساڵ و، یارای تازەکردنەوەشە بۆ یەك جار ئەندامن

ب. ئەنجومون بڕیاردەرێکی (مقرر) دەبیّ، خاوەن شارەزایی ئیداری بە پلەی بەڕێوەبەر، ئەم بڕیاردەرە کاروباری ئیداریی ئەنجومەنەکە دەگرێتە دەست، بە ریکخستنی لیستی کارو تۆمارکردنی رەشنووسی دانیشتنەکان وبڕیارەکان وبە بەڕیّ خستنی نامەونامکاریشەوە.

**ماددەی چل ویەك :**

ئەنجومەن لە سەر بانگهێشتی سەرۆك کۆبوونەوەکانی خۆی دەبەستیّ و(نصاب)یش بە ئامادەبونی دوو سێیەکی ئەندامەکانی دێتەجیّ و، بڕیارو راسپاردەکانیش بە زۆرینەی ئامادەبووان دەردەچن و، لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکانیشدا، دەنگی سەرۆك بۆ کام لایان بێت، هی ئەوە.

**ماددەی چل ودوو:**

سەرباری ئەو ئیشەتایبەتانەی بە ئەنجومەنگەلی زانکۆکان سپێردراون ودەقەکانیان لە ماددەی نۆزدەی ئەم یاسایەدا هاتوون، ئەنجومەن ئەم ئیشە تایبەتانەی خوارەوەش رایی دەکات:

١) ئیقرارکردنی پلانگەلی لێکۆڵنەوەی زانستی .

٢) ئیقرار کردنی پلانی فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی فێرکردن.

٣) ئیقرارکردنی بەرنامەگەلی خوێندن و تەقویمی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٤) راسپاردن بە پلانگەلی وەرگرتنی قوتابی و شەرتوشروتەكانی.

**ماددەی چل وسیٚ:**

دەرچوانی (خریجو) هەیئە بڕوانامەی (زەمیل) یان پیٚ دەبەخشریٚ كە بە بەرزترین بڕوانامەی پیشەیی لە بواری پسپۆریدا دادەنریٚت، هەلگری ئەم بڕوانامەیە دوو سالٚ قیدەمی بۆ مەبەستی عەلاوەو تەرفیع دەدریٚتیٚ و، هەر لە رۆژی وەرگرتنیشییەوە لە هەموو ماف وئیمتیازەكانیشی سوودمەند دەبیٚت.

**ماددەی چل وچوار:**

پزیشكیٚ داوای كردبیٚ ئەو بڕوانامەیە وەربگریٚ، مەرجە پلە پلەی پزیشكیی بڕیبیٚ كە دەقەكانیان لە یاسا بەركارەكاندا هاتووە.

**ماددەی چل وپیٚنج:**

ماوەی خویٚندن و نەنبیق لە هەیئەكەدا چوار سالٚی تەقویمییە.

**ماددەی چل وشەش:**

ئەو یاساو پیٚڕۆو ریٚنماییانەی كاروباری تەدریسی و قوتابیان وزەپتی لە زانكۆكانی هەریٚمدا ریٚك دەخەن، بە سەر هەیئەكەشدا دەسەپیٚن.

**ماددەی چل وحەوت:**

پیٚڕۆی ناوخۆی هەیئەو بەشە زانستییەكانی وشەرتوشروتی وەرگرتنی قوتابی و هەموو ئەو شتانەش كە پیٚوەندیی بە كاروبارییەوە هەیە، بەڕەوشی تەدریسات وتاقیكردنەوەكانیشەوە هەمووی بە ریٚنماییگەلیٚ دیاردەكریٚن وەزیری فیٚركردنی باڵاو لیٚكۆلٚینەوەی زانستی دەریاندەهیٚنیٚ.

## بەشی حەوتەم
## زانكۆ ئەهلییەكان

**ماددەی چل وهەشت:**

دەشیٚ زانكۆگەلی ئەهلی لە هەریٚمدا دابمەزریٚن بەپیٚی شەرتوشروتیٚ كە ئەنجومەنی فیٚركردنی باڵاو لیٚكۆلٚینوەی زانستی دیاریان دەكات.

**ماددەی چل ونۆ:**

وەزارەت سەرپەرشتی زانكۆ ئەهلیەكان دەكات بەپیٚی ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

١) ئیجازەپیٚدانی دامەزراندنی ئەم دەزگایانە بەپیٚی شەرتوشروتیٚ ئەنجومەن دیاریان دەكات.

٢) ریقابەی باش ئەنجامدانی حوكمەكانی یاساو، پابەندبوونیان بە سیاسەتی زانستیی هەریٚم و ریٚنمایی وەزارەت وئەنجومەن وحوكمەكانی پیٚڕۆی ناوخۆیەكەی كە ئیجازەكەی پیٚ وەرگرتووە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٣) ئەنجومنگەلی ئیدارەکەشی دەبێ نوێنەرێکی وەزارتی تێدابێت.
٤) سەرومڕیش زانیاری و ڕێنیشاندانی پێ دەدرێ تا بتوانێ لە سیاسـەتی زانستیی گشتیی هەرێم تێ بگات وپابەندیان بێ.
٥) لە کاتی زەروورردا ئەنـدامانی هەیئـەی تەدریـسی و موعیـد و فرمانبـەرو لێکۆڵـەر منحـەی دارایی بۆ دەنێرن بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ کوششی زانستییەکەی و هاوبەشـبوونی لـە بنیادنانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەدا بگونجێ.
٦) لە حاڵەتێکیشدا، لە حوکمەکانی یاسا یان پێڕۆ لابدات و لەو ئامانجانەش بـا بداتـەوە کـە بۆ وەدی هێنانیان دامەزراوە، ئەوە لەو بارەدا خوێندنی بە شێوەیەکی نیمـچە یـان بەگـشتی بۆ ماوەیەکی کاتی تێدا دەوەستێنرێ یان ئیجازەکەی لێ دەکێشرێتەوە.

## بەشـی هەشــتــەم
## حوکـمـە کـۆتـاییــەکــان

**ماددەی پەنجا:**

١) ئەندامانی هەیئەتی تەدریسی مەرتەبەی زانستیی خۆیان و هەموو ئەو مافانەی دیکەشیان لەلا پارێزراو دەبێ کە لەم یاسایە و یاسای دیکەو لەو پێڕۆ و ڕێنماییانەشـدا کـە بـەپێی ئـەو یاسایانە دانراون دەیانکـەوێ، تـەنیا دەرماڵـەی خۆتـەرخان کـردن وەرنـاگرن لـە حاڵەتێکـدا تەنسیب بکرێن یان خـۆ تـەرخان بکـەن بـۆ وەزیفـەی دەرەوەی زانکـۆ و دەرەوەی هەیئـەی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان یان دابمەزرێن یان بگوازرێنەوە بـۆ وەزیفـەی ناوەنـدی وەزارەت یـان ناوەنـدی زانکۆکـان یـان ناوەنـدی هەیئـەی پەیمانگـە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان و وەزارەتـی پـەروەردە. مـاوەی پیـادە کردنی ئەم وەزیفانەشـیان بـە خزمـەتی تـەواو بـۆ مەبەسـتی عـەلاوەو تـەرفیع وخانەنـشینی حساب دەکرێ.
٢) ئەندامانی هەیئەی تەدریسی مافی تەرقیەی زانستییان پـارێزراوە کـاتێ دادەمـەزرێن یـان دەگوازرێنــەوە بــۆ وەزیفەگــەلی دەرەوەی فێرکردنــی بــاڵا ئەگــەر هــەموو شەرتوشــروتی پێویستیان فەراهەم بێ و تەنها مەرجی تەدریسیان نەبێ.

**ماددەی پەنجاویەك:**

**١-ئەمانەی خوارەوە بە پێڕۆ دیار دەکرێن:**

أ-ناوەند (مرکز)ی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆ و کۆلێژ و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان و، ئیشی تایبەت و کاروباری زانستی و ئیدارییەکانیان.

ب-بەشـەکانی دایەرەگـەلی وەزارەت وئیـشە تایبەتـەکانیان، هـەروەها بەشـەکانی ناوەنـدی زانکۆکان و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ج-کاروباری هونەریی تایبەت بە وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیان.

٢-بەپێی ڕێنماییگەلێکیش کە وەزیری فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی دەریدێنێ، ئەمانە دیار دەکرێن: کاروباری پێوەند بە رابەریکردنی قوتابیان و ڕێ نیشاندانی زانستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و هزریی قوتابیان و، چاودێریکردنی ماددی و مەعنەوییان و، ڕێکخستنی چالاکیی لامەنهەجی و تاقیکردنەوەو ئەرك و زەپتییەیان، هەروەها ناردنیان بۆ بیعسە و زەمالە و، هەموو کاروباری دیکەی زانستی و پەروەردەیی و ڕێکخستنی ئیجازەی دراسییشیان.

**ماددەی پەنجاو دوو:**

١- دادگاکان قەدەغە دەکرێن لە سەیرکردنی هەر دەعوایەك کە دژ بە زانکۆ یان هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان یان کۆلێژ یان هەر پەیمانگەیەکیان یان هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان بکرێتەوە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابی و گواستنەوە و تاقیکردنەوە و سزای زەپتی کە بەسەر قوتابیاندا دەسەپێنرێت، وەك دەرکردنی قوتابی بە هۆی دەرنەچونی لە تاقیکردنەوە یان بەهۆی دیکەوە. تەنها زانکۆ و هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان بۆیان هەیە ئەو شکاتانە یەکلابکەنەوە کە لەو رووەوە روودەدەن، ئەوەش بە پێی ڕێنماییگەلێ کە وەزارەت دەریدەهێنێ.

٢- دادگاکان قەدەغەدەکرێن لە سەیرکردنی دەعواگەلی راستکردنەوەی بڕوانامە و دەرەجە زانستییە عیراقی و بیانیەکان دوای قۆناغی دواناوەندی، هەروەها قەدەغەیە سەیری دەعوای بەخشینی نازناوو بڕوانامەی زانستی و فەخری بکەن.

**ماددەی پەنجاو سێ:**

زانکۆکان و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان بۆیان هەیە لە ئەزموونی زانستی و لە تەتبیقی زانستی و تاقیگەیی و مەشقدانی قوتابیاندا داوای کۆمەك لە هەموو لایەنێکی پسپۆڕ لە دایەرەکانی هەرێمدا بکەن و، پێویستیشە لەسەر ئەو دایەرانە، بۆ بەئەنجام گەیاندنیان ئاسانکارییان بۆ بکەن و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەن.

**ماددەی پەنجاو چوار:**

زانکۆکان و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان لە رەسمی گومرگی هەموو ماددە و ئامێرو جیهازو پارچەکانیشیان سەرفرازن، هەروەها ماددەی یەدەگ و هی تاقیگە و ئامرازەکانی روونکردنەوە و فلیم و بڵاوکراوە و کتێب و چاپەمەنیی هاوەردەش، لە چوارچێوەی پرۆژە و پسپۆڕیی فێرکاریدا کە ئامانجەکانیان وەدی بێنن هەر هەموویان لە گومرگ سەرفرازن.

**ماددەی پەنجاو پێنج:**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٣)ی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق و ماددەی دەیەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەغو دەکرێن.

**ماددەی پەنجاو شەش:**

وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلێ بۆ ساناکردنی وەبەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی پەنجاو حەوت:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی پەنجاو هەشت:**

پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پەنجاو نۆ:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

## هۆکارە زەروورەکان

پێ بە پێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم قۆناغەدا کە لە خەمخۆری و گرنگی پێدانێکی نائاسایی و شایان بە کەرتی فێرکردنی باڵاو لێکۆلینەوەی زانیستیدا خۆی دەنوێنێ لە پێناوی ئەوەدا کە بە شێوەیەکی کارا لە بزاڤی بەرەوچاکترچوون و پێشڤەچووندا کە بە هەرێمەوە دیارە لە هەموو روویەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوەدا لەبەر ئەوە بە زەروور دانرا کە وەزارەتێکی تایبەت بۆ ئەم کەرتە ئەساسی و گرنگە دابنرێ تا بتوانێ بزاڤی زانکۆ و دامو دەزگا زانیستییە باڵاکان لە هەرێمدا تەنیسیق بکات و بەرەو وەدیهێنانی پەرەسەندنێکی زیاتری زانستی و تەکنۆلۆجی پێشی بخات و بتوانێ لەگەڵ زانکۆو دەزگاو لایەنە زانستی و رۆشنبیرییە بیانیەکاندا هاوکاریی زانستی و رۆشنبیری وەدی بێنێ و، گەلی کوردستان بگەیەنێ بە کاروانی بەرەوچاکترچوون و پێشکەوتنی زانست و شارستانیەتی جیهان، هەروەها دەرکەوت کە پێویستیمان بە ئامادەکردنی پزیشکانی پسپۆڕ هەیە لە لقە جۆربەجۆرەکانی پزیشیکدا بۆ پڕکردنەوەی کەمیی پزیشك کە لە کادیری پسپۆڕی پزیشکیدا هەیە، لەبەر ئەوە بە پێویست زانرا کە هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان لە هەرێمدا دابمەزرێ. جا بۆ ئەوەی بواریش بدرێ بە کەرتی تایبەت لە بزاڤی بەرەوچاکتربردنی زانستیدا بەشداری بکەن، وا پێویست دەکات کە رێگا بدرێت بەتاکە تاکەی خەڵك و هەیئەتە تایبەتەکان کە زانکۆی ئەهلی دابمەزرێنن تا ئەوانیش لە بزاڤی بەرەوچاکتربردنی زانستی و رۆشنبیریدا بەشدار بن لە ژێر سەرپەرشتی و کۆمەکی وەزارەتدا، تا بتوانین لە مەیدانی فێرکردنی باڵاو لێکۆلینەوەی زانستیدا هەنگاوێکی بەسوودتر لەهەرێمدا بەرەوپێش بچین، جا لەبەر ئەوانە، ئەم یاساکارییە ئەنجام درا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

ئەرشیفی پۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٤**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاّتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالّی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٣٤ )ی سالّی/٢٠٠٤**
**یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتیی هەرێمی کوردستانی- عێراق**

**دەروازەی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:**

١ — **هەرێم** : هەرێمی کوردستانی — عیراق.
٢ — **وەزارەت** : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی.
٣ — **وەزیر** : وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی.
٤ — **بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی.
٥ — **ئەنجومەن** : ئەنجومەنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی.

**دەروازەی دووەم**
**دامەزراندن و ئەرك و فرمان**

**ماددەی دووەم:**

لە هەرێمدا وەزارەتێك دادەمەزرێ بە ناوی(وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی)، وەزیرێك بەرێوەی دەباو سەرپەرشتی دەکات بە ناوی( وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی.)

**ماددەی سێیەم:**

ئەم وەزارەتە، ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

١ — بەرجەستەکردنی نرخی مرۆڤایەتیی کارو، پشتگیری و چاودێری کردنی کار، چونکە کار بنەمایەکی ئەساسییە بۆ وەدی هێنانی ئاواتی ئەو ڕابوونەی کە ئەمڕۆ، هەرێم لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوەی دەبینێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٢ — كۆشش بۆ ئەوەی كە زەمانەتی كۆمەلأيەتی، گشت كريكاران بگريتەوەو، چاودێريی كۆمەلأيەتيی پێويستيش بۆ خۆيان و خاوخێزانيان مسۆگەر بكرێ.

٣ — فەراهەمكردنی هەلی كار، بە يەكسانی، بۆ هەموو كەسێ توانای كاری هەبێ، چونكە كار هەم مافەو هەم ئەركەو، زەرورەتی بەشداريكردنيش لە بنيادنانی كۆمەڵگەو بەرەوچاكتربردنيدا، پێويستی بەكارە.

٤ — بلأوكردنەوەی هەست و هۆشی پيشەگەری، بەجۆرێكی ئەوتۆ كە پاراستنی مرۆڤ و جێگای كارو ئامێرەكانی زامن بكات و كارەسات و بەسەرهاتی كاتی كاركردن كەم بكرێتەوەو رێگا لە نەخۆشيگەلی پيشەيی بگيرێ. هەروەها، وەزارەت بەپێی پێداويستييەكانی بازاڕی كار لە ئامادەكردن و پێگەياندنی كاديرانی پيشەييدا بەشدار دەبێ.

٥ — ئەوپەڕی گرنگی دان بە پاراستن لە بێكاری و ماكەخراپەكانی. هەروەها چاودێريكردن و دەستگرتنی ئەو خێزانانەی كە كێشەی كۆمەلأيەتييان هەيە بەجۆرێ كە بارودۆخێكی باشتريان بۆ زامن بكرێ تا بتوانن بە چاوكراوەيی و دڵسۆزييەوە لە بنيادی كۆمەڵگەدا هاوبەشی بكەن.

٦ — گەشەپێكردنی كۆمەڵگە كە بە ئاسانی بتوانێ لەم گۆڕانكارييە ديموكراتييانەدا هاوپشك بێت و رێز لە ماف مرۆڤ بگرێت لە رێگای گۆڕينی سيماگەلێكی كۆمەلأيەتييەوە كە بوونەتە كۆسپ لە رێگەی فراژوبوونی كۆمەڵگەدا.

٧ — گرنگيدان بە دامودەزگاكانی چاكسازيی كۆمەلأيەتی تا ببن بە دەزگای راستكردنەوەو چاكسازی و تەئهيلی. هەروەها چاودێريكردنی خاوخێزانی بەندكراوانی چاكسازيی كۆمەلأيەتی بۆ ئەوەی ئەوانيش تێوەنەگلێن

٨ — گرنگيدان بە چاودێريكردن و تەئهيلی مندالأن و ئەوانەش كە لە رووی پەروەردەو پيشەو رەوتی ژيانەوە كەموكورت و كەمئەندامن، تا بە ئاسانی بتوانن لە بزاڤی فراژوكاری و ئاوەدانكردنەوەی هەرێمدا بەشداربن و، ئەو ئاستەوارە دەروونی و كۆمەلأيەتييەشيان برەوێتەوە كە رێگايان لێ دەگرێ.

٩ — گرنگيدان بە خاوخێزانی قوربانيانی ئەنفال و كيمياباران و زامنكردنی چاودێريی كۆمەلأيەتی و دەروونی و ئابووريی پێويستيان، بەجۆرێكی ئەوتۆ كە كەمۆزۆر ئێش و ئازاريان كەم بكاتەوە.

١٠ — تەئهيلی هاوولأتيان لە رووی پيشەيی و كۆمەلأيەتييەوە، لەو رێگايەوە كە يارمەتی بدرێن بتوانن پرۆژەگەلی رەنێوهێنەكی(انتاجيه)ی خاوخێزانی بنياد بنێن.

١١ — بە ئاگاهێنانەوەی كۆمەڵگە و بلأوكردنەوەی بيروباوەڕو ئاكارو دروشمی بەحورمەت لە رێگەی كردنەوەی دەورەو بەسەركردنەوەی خێزانەكانەوە كە دامودەزگای راگەياندنيش بەشداريی تێدا بكەن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

١٢ – كۆشش بۆ لەناوبردنی دیاردەی هەژاری و كەساسی لە هەرێمدا بەجۆرێ كە باربووی دارایی بەو دەستكورت و كەمبەشانە بدرێ كە توانای ئیشكردنیان نییە.
١٣ – هاوبەشیكردن لە سەر مستەوای عیراقی و نێودەڵەتییش لەو چالاكییانەدا كە پێوەندیدارن بە ئەرك وفرمانی وەزارەتەكەوە.

## دەروازەی سێیەم
## پێكهاتەكان و ئەرك و فرمانەكان

**ماددەی چوارەم:**

**بەشەكانی ناوەندی وەزارەتەكە:**

١ – **وەزیر:** سەرۆكی باڵای وەزارەتەو، بەرپرسی یەكەمی ئیش و كارو ڕابەری سیاسەتی وەزارەتەكەیە. بڕیار و فەرمان و ڕێنماییگەلیش پێوەندییان بە ئیش و كاری وەزارەت و پێكهاتەكانی و كاروباری دیكەی ئیداری و دارایی و هونەریی وەزارەتەوە، ببێ، وەزیر دەریاندەهێنێ لە چوارچێوەی حوكمەكانی یاساو پێڕۆی پێوەندیداردا و، بەسەرپەرشتی و لە ژێر ریقابەی خۆیدا دەخرێنەبەركار. وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارە چونكە ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنەكەیە. بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی خۆی بە بریكاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت و بە هەر كەسێكی دیكەش بسپێرێ كە خۆی پێی باش بێ.
٢ – **بریكاری وەزارەت:** لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا كە وەزیر پێی دەسپێرێ، یاریدەی وەزیر دەدات لە رابەرایەتی وەزارەت و سەرپەرشتكردنی كاروباری ئیداری و دارایی و ڕێكسازیدا.
٣ – **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان:** فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، بڕوانامەی زانكۆیی سەرەتای هەبێ و خزمەتیشی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ. بەڕێوەبەرایەتیی دارایی و تەدقیقیش كە بە هاوكاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەكانی دیكەدا بوجەی ساڵانەو بوجەی پلان و حساب و حسابكاریی كۆتایی ئامادە دەكەن و پێشكەشی وەزارەتی دەكەن، بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوانەوە پەیوەستن.
٤ – **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەداواداچون:** فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتی وەزیفەشی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

١ – ئەو بەشانەی وەزارەت كە بە وەزارەتەوە پەیوەستن:
ا – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كارو زەمانەتی كۆمەڵایەتی: شەخسییەتێكی خاوەن سەربەخۆیی ئیداری و دارایی خۆیەتی و، فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتیشی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

ب — بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی چـاودێریی کۆمەڵایـەتی: فرمانبـەرێ بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکـۆیی سـەرەتای هـەبێ و خـاوەن ئـەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتی وەزیفەکەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

ج — بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فراژوکردنی کۆمەڵایەتی: فرمانبـەرێ سـەرۆکایەتیی دەکـا بـە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خـاوەن ئـەزموون و پسپۆڕ بێت خزمەتی وەزیفەکەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

د — بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاکسازی کۆمەڵایەتی: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خـاوەن ئـەزموون و پـسپۆڕ بێت و خزمەتی وەزیفەکەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومـەنێ، بـە نـاوی( ئەنجومـەنی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی) یـەوە لـە وەزارەتەکـەدا پێکدەهێنرێ لە مانەی خوارەوە:

١ — وەزیر 	سەرۆک
٢ — بریکـــاری وەزارەت 	جێگـــری سەرۆک
٣ — بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ناو وەزارەت 	ئەندامن
٤ — نوێنەری هەر یەکە لە وەزارەتەکانی(داد،ناوخۆ، پەروەردە و ماف مرۆڤ) بەمەرجێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ 	ئەندامن
٥ — نوێنەری یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمدا 	ئەندام
٦ — نوێنەری یەکێتی ژوورە پیشەسازی و بازرگانیەکانی هەرێم 	ئەندام
٧ — نوێنەری یەکێتی ئافرەتانی هەرێم 	ئەندام
٨ — نوێنەری یەکێتیگەلی کەمئەندامانی هەرێم 	ئەندام
٩ — سێ خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناو وەزارەت یان دەرەوەی وەزارەتەکە، لەسەر پێشنیازی وەزیر و ڕەزامەندیی سەرەك وەزیرانی هەرێم 	ئەندامن

**ماددەی حەوتەم:**

١ — ئەنجومـەن، بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆك، یـان ئەگـەر دیـار نـەبوو، بـە سـەرۆکایەتی جێگرەکەی و ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامان کۆدەبێتەوەو، بڕیارەکانیشی بـە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکانی دەردەهێنێ. ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بن، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی وەزیر بۆ کام لایان بێت، هی ئەوە.

٢ — ئەنجومەن هەر(٣) سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەیەکی ئاسایی سازدەدات، وەزیریش بۆی هەیە، لەکاتی پێویستدا، بانگهێشتی بکا بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەن ئەم سەلاحییاتانەی خوارەوە رایی دەکات:

١ — نەخشەکێـشانی سیاسـەتی گـشتیی وەزارەت و دیـارکردنی ئامانجـەکانی بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە. هـەروەها بنەماگـەلی ئیـداری و هونـەری و ئـابووری و داراییش کە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی سوودیان هەبێ، دەیانگرێتە بەر.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢ — گفتوگۆ لەسەر پرۆژەگەلی بوجەی دارایی و بەرخورداری(الاستثمارية)ی ساڵانەی وەزارەتەکەو دایەرەکانی سەربە وەزارەتەکە دەکات و، رای خۆی لە سەریان دەردەبڕێ و، ئەوەش کە پێی باش بێ بەشێوەی راسپاردە پێشکەشی دەکات.
٣ — گفتوگـۆ کـردن لەسـەر پلانـە سـەرەتاکانی کورتمـەوداو مـەودای مـام ناوەنـدو دوورمەودا، کە دایەرەکانی وەزارەت ئامادەیان دەکەن. رای خۆیشی لە سەریان دەردەبڕێ و، ئەوەشی کە پێی باش بێ بەشێوەی راسپاردە پێشکەشی دەکات.
٤ — پێشنیاز دەکا کـە وەبـەرهێنانی زیادەسـەرمایە(الفـائض مـن رؤوس الامـوال)ی دایـەرەکانی سـەربە وەزارەتەکـە رێك بخرێت و، بـەپێی پێداویستی بەرژەوەنـدی گشتی و لـە چوارچێوەی یاسـاگەلی بـەکارو رێنماییگـەلی داراییـدا. واقیعـی ئـەو وەبەرهێنانانە(الاستثمارات) روون بکرێنەوە.
٥ — خول بەخول ریقابەی جێبەجێ کردنی پلانەکان دەکاو، لەم رووەوە هەر تێبـینی و راسپاردەیەکی پێ باش بێ دەیانخاتەڕوو.
٦ — لە پرۆژەگەلی ئەو یاسایانەش دەکۆڵێتەوە کە وەزارەت بیەوی پێشنیازیان بکات.
٧ — گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیاز و راسپاردانەش دەکات کە لە بارەی هەموارکردن یـان بەرفراوان کردن یان لە نوێ دامەزراندنی دایەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن.
٨ — گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی خولاوخولی گشتیی ئیش وکاری وەزارەت، کـە دایـەرەی پلاندانان و بە دواداچوون ئامادەی دەکـات، هـەر تێبـینی و راسپاردەیەکیشی پـێ باش بێت، لەم بارەیەوە، دەیانخاتە ڕوو.
٩ — هەر شتێکیش وەزیر بیخاتە بەردەمی گفتوگۆی لەسـەر دەکـاو، رای خـۆی لەسـەر دەردەبڕێ و، پێشنیازو راسپاردەی خۆیشی پێشکەش دەکات.

## دەروازەی چـــوارەم
## حوکمــە گشــتییــەکــان

**ماددەی نۆیەم:**
وەزارەت و دایەرەکانیشی بۆیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسا. زەوی وزارو عقاراتیان هەبێ و بیکەن بە موڵك.
**ماددەی دەیەم:**
وەزارەت بۆی هەیە هاوکاری لەگەڵ ئەو کۆمپانیاو رێکخراوو هەیئەتانەدا بکات کە ئیش وکاریێ ئەنجامدەدەن پێوەندییان بە ئامانجەکانی وەزارەتەوە هەیە.
**ماددەی یازدەم:**
حساب و حسابکاریی ناوەندی وەزارەت و داریەرەکانی سەربە وەزارەت هەر هەمووی دەکەونە ژێر رکێفی دیوانی ریقابەی دارایی هەرێمەوە.
**ماددەی دوازدە:**
بەشەکانی وەزاەت و ئیش وکارە تایبەتەکانی پێکهاتەکانی بە پێرۆ دیاردەکرێن.
**ماددەی سیازدە:**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
